# ئافرەت و

# کێشەی بەشداری سیاسی

## توێژینەوەیەکی فیقهی و فیکری سیاسی ئیسلامیە

نووسینی: پرۆفیسۆر.د. عەلی قەرەداغی
ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان
جێگیری سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوە

وەرگێڕان: عومەر عەلی محەمەد

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب:  ئافرەت و کێشەی بەشداری سیاسی

نوسەر: پرۆفیسۆر.د. عەلی محێدین قەرەداغی

وەرگێڕانی: عومەر عەلی محمد

تایپ: ئەیمەن ئەمین

دیزانی ناوەوە: ئەحمەد میراودەلی

چاپی یەکەم: 2015

چاپ: چاپخانەی چوارچرا

تیراژ: 1000

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی (1607)ی ساڵی(2015) پێدراوە**

## پێشەکی وەرگێر

کێشەی ئافرەت یەکێکە لەو کێشە گرنگ و هەستیارانەی کە ئێستا لەناو کۆمەڵگە مسوڵمانەکاندا زۆرترین بابەت و توێژینەوەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و زۆرترین پانتایی لە میدیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داگیرکردووە.

سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکەش بەم شێوەیە، لە دوای هاتنی ئیمریالیزمی رۆژئاوایی دێت بۆ ئەم وڵاتانە، چونکە رۆژئاواییەکان هەڵگری کولتورو شارستانیەتی تایبەتن و لەگەڵ داگیرکاریە سەربازیەکانیاندا هاوتەریب ویستوویانە غەزوی کولتوریش بکەن، لەبەرئەوە هەر لە پێش دەستپێکردنی ئەم شاڵاوەش، رۆژهەڵاتناسەکان پلانێکی تۆکمەیان داڕشتووەو لە رێگەی دەزگاکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ئەکادیمیای رۆژئاواییەوە، توێژینەوەی وردیان لەسەر ئاین و کولتور و شارستانیەتی رۆژهەڵات کردووە، کە لە نێویاندا زۆرینەیەکی مسوڵمان هەیە، هەتا لەم رێگەیەوە خاڵی لاوازو بەهێزی ئەم کولتورە بخەنەڕوو پاشانیش نەخشە رێگەیەك دابڕێژن کە بنکۆڵ بکرێت و هەرسی پێ بهێنرێت و لە جێگەیدا کولتوری رۆژئاوایی بسەپێنرێت. لەبەرئەوەش کە ئەو کولتورە پاڵپشت بووە بە دامەزراوەی سەربازی گەورەو رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی، لەبەرئەوە بە کولتوری سەرکەوتوو پێشکەوتوو مۆدێرن ناوزەد کراوەو لە بەرامبەریشدا کولتوری گەلە مسوڵمانەکان بە دواکەوتوو توندوتیژ لەقەڵەم دراوە.

لەبواری کێشەی ژنانیشدا کاتێك ئەم کولتورە رۆژئاواییە دێتە ناو کایەی کۆمەڵایەتی گەلە مسوڵمانەکان، بەرەو روبوونەوەو پێکدادان رودەدات، لەبەرئەوە رۆژئاواییەکان بۆ سەرخستنی بۆچوونەکانیان و سەپاندنی کولتورە رۆژئاواییەکان جۆرەها رێگەیان گرتەبەر، سەرەتا سیستمی سیاسیان بەو جۆرە لێکرد کە خۆیان دەیانەوێت و دامەزراوەکانی دەوڵەتیان دایە

دەست لایەنگرانی خۆیان و دەستورەكان و یاساكانیان بەو جۆرە دارِشت كە خۆیان دەیانەوێت، كە خزمەت بە بیرۆكەی رۆژئاوایی بون بكات، رۆژئاواییەكان ویستیان ئافرەتی مسوڵمانیش لە رۆژهەڵاتدا هەمان كولتوری ئافرەتێكی رۆژئاوایی وەربگرێت لەرووی جل و بەرگ و خواردن و بیركردنەوەو دارِشتنەوەی سایكۆلۆژیایەكی نوێ، كە لەگەڵ دید و تێروانینی لیبرالیزمدا بگونجێت بۆ ئافرەت، بۆ ئەم مەبەستەش جۆرەها دەزگا و ناوەند و كەسایەتی جۆراوجۆریان دروست كرد، بۆ خزمەتكردن بەم بۆچوونەیان، لەوانەش دەزگاكان و پرۆگرامی پەروەردەو فێركردن و میدیاو ناوەندەكانی ئەكادیمیا لە زانكۆو سەنتەرە جۆربەجۆرەكان، رۆژنامەنووس و نووسەر و كەسانی وابەستە بەخۆیان كە وەك تابوری پێنجەم كاریان كرد، بۆ خزمەتكردن بە كولتورو شارستانیەتی رۆژئاواو بەم هۆیەشەوە كەوتنە دژایەتی كردنی ئیسلام و بەهۆكاری سەرەكی دواكەوتوویی ژنان و هەموو چین و توێژەكان كۆمەڵگەیان لە قەڵەمداو لە بابەتی مافەكانی ئافرەتدا، هەموو ئافرەتانیان هاندا كە خۆیان لە باوەرِی ئاینی رزگار بكەن و گوێ بە رێنماییەكانی نەدەن و بۆ ئەم مەبەستەش تاكە رێگەی پێشكەوتن و بەدەستهێنانی مافەكانیان بەستەوە بەوەی كە ئافرەتی مسوڵمان تەنها بە رواڵەت بكەن بە رۆژئاوایی و بەڵام عەقڵ و پێشكەوتن و هۆشیاری بە دواكەوتوویی بهێڵنەوە. لەبواری مافە سیاسیەكانیشدا كێشەو گرفتێكی زۆر روویدا، راستە لە جیهانی ئیسلامیدا ستەمێكی زۆر لە ئافرەت كراوەو بەناوی ئاینەوە لەزۆر بواری سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری رێگەی لێ گیراوەو وەك چینێكی دواكەوتوی كۆمەڵگە هێڵراوەتەوە، بەڵام لە راستیدا ئەوەی ئەوانیش هێنایان بەسەر ئافرەت لە رۆژهەڵاتدا ستەمێكی تربوو، ئامانج تیایدا مافەكانی ژنان نەبوو، بەڵكو لە دوایەوە ئامانجێكی داگیركەرانەو

شکست پێدانی کولتورو شارستانیەتی گەلە مسوڵمانەکان بوو، لەم روانگەیەوە بەشێك لە گازندەو گلەییەکان دەکەوێتە سەر شانی زانایان و رابەرانی ئاینی لە نێو گەلە مسوڵمانەکاندا، چونکە فەتواو هەڵوێستەکانیان هاوشان نەبوو لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی تەکنەلۆژیاو شۆڕشی زانیاری و -رێنیسانس-و گەشەی فیکر لە جێهانی نوێدا، بەڵکو ئەوان هەر لەناو مێژووەوە دەجوڵان و هەر لەوێشدا بیریان دەکردەوە، لەبەرئەوە کاتێك فەتوایەکیان دەردەکرد لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی سەردەمەکەدا تووشی روبەڕووبوونەوە دەبوون، بەڵام لە ئێستادا زۆر لەو شتانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو روناکبیران و زانایانی نوێ هەڵوێستی ئیجابی و باشیان هەیە، لەبەرئەوە لە ئێستادا دەبینین کە ئافرەتان لەزۆر وڵاتی ئیسلامی و لەناو پارتە ئیسلامیەکاندا پێگەی شایستەیان هەیەو لە پۆستە باڵاکانی حکومەت و وەزارەت و پەرلەمان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و زۆر شوێنی تردا دەبینرێن، لەم سەردەمەشدا زانایان وەك دکتۆر عەلی قەرەداغی و یوسف قەرزاوی و چەندان زانای تر هەڵوێستی ئیجابی و باشیان هەیە، لەبەرئەوە لە زۆر شوێندا ئێستا گەلانی مسوڵمان ئەوەیان تێپەڕاندووە کە پرسیار لە شەرعی بوونی بەشداری سیاسی ئافرەت بکەن، بەڵکو ئێستا لە ئاستێکدایە کە ئایا چ جۆرە ئافرەتێك بەشداری بکات کە پێویستە کەسی شیاوبێت لەڕووی هۆشیاری و رۆشنبیری و پسپۆڕی و لێهاتنەوە، لەگەڵ پابەندبوون بە ئینتیما و شوناسی مسوڵمانێتی لەهەمانکاتدا رەگەزێکی خێر بێت و بۆ چاکە و گەشەپێدان.

عمرعلی محمد
2015
سلێمانی

## پێشەكی

گرنگی و بایەخی لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی بۆ برەودان بە بواری هزرو ڕۆشنبیری، ڕاستیەكی بەڵگەنەویستە. بەتایبەت ئەگەر توێژینەوە لە بواری پرسی ئافرەتدا بێت كە یەكێكە لە هەستیارترین مەسەلەكان و لەسەدەی ڕابردوو و ئەم سەدەیەشدا، زۆرترین مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێناوە.

لەمانەش گرنگتر، توێژینەوەیە سەبارەت بە ئافرەت لە هزری ئیسلامیدا، چونكە ئەمڕۆ لە هەمووكات زیاتر كۆمەڵگە موسڵمانەكان، پێویستیان بە توێژینەوەو خوێندنەوەی نوێ هەیە سەبارەت بە بابەتەكانی پەیوەست بە ژنان، وەك توێژێكی زیندوو و هەستیاری ناو كۆمەڵگە، تا ژنان بتوانن پێگەی شایستەو ڕۆڵی ڕاستەقینەو تەواوكاری خۆیان لەسەرجەم بوارەكانی ژیاندا، بگێڕن.

لەگەڵ گرنگی گوتاری فیكرو ڕۆشنبیری، بەداخەوە، ئەمڕۆ تێبینی دەكرێت لەلایەك گوتاری جەستە (لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیدا)، بەسەر ڕەوشی ئافرەتاندا زاڵە، لەلایەكی تریشەوە، گوتاری شكست و نائومێدیی بواری ئافرەتانی لەكۆمەڵگەدا، داپۆشیوە.

لە سۆنگەی هەستكردن بە بەرپرسیارێتی سەبارەت بە برەودان بە بواری لێكۆڵینەوەی زانستی تایبەت بە ئافرەت، سكرتاریەتی یەكگرتووی خوشكانی ئیسلامی كوردستان، هەستا بە سازدانی (یەكەمین كۆنگرەی زانستی) خۆی، بە بەشداری ژمارەیەك لە پسپۆڕو توێژەرو مامۆستایانی زانكۆو چالاكوانی بواری ژنان، كۆی توێژینەوە بەشداربووەكانیشی لە دوو توێی كتێبێكدا چاپ كرد، بەڵام لە بەر گرنگی و بە پێزی و زۆری بابەتەكەی دكتۆر عەلی قەرەداغی، بڕیارماندا كە لە كتێبێكی سەربەخۆدا چاپی بكەین، هیواداریشە

که ئەم کۆنگرەیە دەستپێکێکی سەرکەوتوو بێت بۆ برەودان بە توێژینەوەی زانستی تایبەت بە ئافرەتان و هەنگاوێکی بوێرانە بێت بۆ هێنانە کایەی دیدو بۆچوونی نوێ لەبارەی مەسەلەکانی ئافرەتانەوە، تا لەو ڕوانگەیەوە ژنانی کورد، هەنگاوی باشتر بەرەو پێش هەڵبگرن و بەشدارییەکی کاراو کاریگەرتر لە سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و....هتد دا بکەن.

لەکۆتاییدا ڕێزو سوپاسی شایستە ئاراستەی سەرجەم ئەو بەڕێزانە دەکەین کە پشتیوانی سەرخستنی ئەم کۆنگرەیە بوون، بەتایبەت زانای کورد جەنابی پرۆفیسۆر (د. عەلی محیّدین قەرەداغی) ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان، کە هاوکاری مادی و مەعنەوی کۆنگرەی کردو هەرئەوەش لە هەڵوێستی بەڕێزیان چاوەڕوان دەکرێت، هیوای هەمیشە سەرکەوتن و خزمەتی زیاتری بۆ دەخوازین.

بێخاڵ أبوبکر حسێن
سکرتێری یەکگرتووی خوشکانی
ئیسلامی کوردستان

## دەستپێك

بسم الله الرحمن الرحيم

كێشەی ئافرەت یەكێكە لەو كێشە گرنگانەی كە ماوەی سەدەیەك دەبێت جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردووەو بەتایبەتیش جیهانی ئیسلامی، كێشەی ئافرەت كێشەیەكە كە شایەنی ئەم گرنگی پێدانەیە، چونكە پەیوەندی بە نیوەی كۆمەڵگەوە هەیە، ئەگەر ئەم نیوەیە دواكەوتوو بێت، ئەوا سەرچاوەیەكە بۆ دواكەوتنی هەموو كۆمەڵگە، ئەگەر پێش بكەوێت ئەوا سەرچاوەیەكە بۆ پێشكەوتنی هەموو كۆمەڵگە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا كێشەی بەشداری سیاسیی ئافرەت گرنگی زۆری پێدراوەو زۆرتر وروژێنراوە، بۆ ئەم مەبەستەش بڕوای جۆراوجۆر دەبینرێت لە شلگیرەوە تا توندڕەو، هەیانە ئەم مافە نادیدە دەگرێت و هەیانە بە پێی بنەما چەسپاوەكان هەنگاو نانێت، دەربارەی فەتواكانیش لە بەرتەسكەوە دەبینرێت هەتا كراوەو فراوان، هەندێك فەتوا دەبینرێت كە رێگرە لە بەشداری سیاسیی و هەشیانە رێگە دەدات بەو بەشداریە. لەبەرئەوە پێویستە ئەم بابەتە لەسەر بنەمایەكی میانڕەوی كە مەنهەجی ئیسلامە توێژینەوەی لەسەر بكرێت و چارەسەر بۆ گرفتەكانی بدۆزرێتەوە.

ئەم توێژینەوەیەش كە لەبەردەستدایە لەژێر رۆشنایی مەنهەجی میانڕەویدا كراوە، داواش لە خوای گەورە دەكەم كە سەركەوتومان بكات بۆ هاتنەدی ئەو ئامانجانەی كە مەبەستمانە.

داوا لە خوای گەورە دەكەم كە ئەم كارانەمان بكاتە شتێكی دڵسۆزانە و لەبەر خاتری روی پاكی ئەویش و ئەم ئوممەتە ئیسلامیەش لەسەر خێروچاكەو هاوكاری و بنیاتنان بۆ دونیاو دوارۆژ كۆ بكاتەوە و بەرەكەت بخاتە هەوڵ و كۆششی هەموو دڵسۆزان. تەنها خوا پشتیوانەو هەر ئەوە سەركەوتوومان دەكات.

## ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:

زۆربەی سەردێڕەكان رون و ئاشكران، بەڵام لەهەمان كاتدا تیشك دەخەینە سەر هەندێك لەو دەستەواژانەی كە لە ناونیشانەكاندا هاتوون یان ئەوانەی پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە. كە بریتین لە:

1- **دیموكراسی**: وشەیەكی یۆنانیە بە مانای (فەرمانڕەوایی گەل) واتە دەبێت فەرمانڕەوایی بۆ گەل بێت نەك تاكە كەس، لە روانگەی دیموكراسیەوە دەبێت گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەكان بێت[1].

بەبێ چوونە ناو بنەماكانی دیموكراسی (ئایدیۆلۆجیا) مەبەست لەوەی كە ئێستا لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا هەیە، ئەو ئالیەتانەیە كە پێی جێبەجێ دەكرێت كە خۆی دەبینێتەوە لە جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێ كردن و دادوەری، هەروەها شەرعیەتی فرەیی سیاسیی و گەیشتن بە دەسەڵات، لە رێگەی هەڵبژاردنەوەو دەربارەی یەكسانی هاوڵاتیان لە ماف و ئازادیە گشتیەكاندا.

مانای فەرمانڕەوایی گەلیش، ئەگەر گەلەكە مسوڵمان بن نابێت فەرمانڕەوایی بكرێت بە شتێك كە دژ بێت بە بنەما چەسپاوەكانی ئیسلام، لەهەمانكاتدا مافی ئەوەی هەیە لە رێگەی زانایانی ئاینەوە ئیجتیهاد بكات لەم بوارەدا. ئەوەش كە زۆرتر پەیوەندی هەبێت بە بابەتەكەی ئێمەوە، بریتیە لە كێشەی یەكسانی نێوان ژن و پیاو لە ماف و ئازادیەكاندا، ئەمە لە كاتێكدایە كە یەكسانی ژن و پیاو یان یەكسانی لە نێوان هاوڵاتیاندا لە

---

(1) بگەڕێرەوە بۆ : د. أنور أحمد رسلان : الديمقراطية بين الفكر المادي والفكر الاشتراكي ، ط .دار النهضة العربية 1971 ص 32 ، ود. محمد كامل ليلة : النظم السياسية ط. دار الفكر العربي 1971 ص 470 ، ود. عبدالحميد الأنصاري : الشورى وأثرها على الديمقراطية ط. المطبعة السلفية بالقاهرة 1981 ص 335

سیستمە کۆنەکانی (ڕۆمان و یۆنان)یشدا بوونی نییە، کە خۆیان سەرچاوەی داهێنانی دیموکراسین، بەڵکو ئەم بابەتە لە سەردەمە نوێیەکاندا سەری هەڵداوە بەتایبەتی لە ڕێگەی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی 1948 ڕاگەیەنراوە، یەکسانیەکانیش لە نێوان ژن و پیاودا ئەمانە دەگرێتەوە.

1- یەکسانی ژن و پیاو لە ماف و ئەرکەکاندا.

2- یەکسانی ژن و پیاو لە مافە سیاسیەکاندا بەم شێوەیە.

أ- بەدەستەوەگرتنی بەرپرسیارێتی سیاسیی گشتی سەرۆکی دەوڵەت یان پەرلەمان، یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان و دادگاکان و شتی تر.

ب- مافی ئافرەت لە هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتن بۆ پەرلەمان.

بابەتی توێژینەوەکەمان هەندێك تیشك دەخاتە سەر ئەم بوارانەو ئەویش لە چوارچێوەی بواری بابەتەکەی ئێمەدا.

ئەمەش لە دوای ئەوەی کە سەربوردێکی مێژوویی باس دەکەین لەسەر مافە سیاسیەکانی ئافرەت و فەتوا دژەکانی، پاشان بە مەنهەجێکی وردو ڕۆشن باسی بابەتەکە دەکەین.

2- **سیاسەت:** لە زمانی عەرەبیدا لە وشەی (ساس، یسوس، ساسة)وە هاتون، کە ئەمەش مانای زۆر لەخۆ دەگرێت، لە کۆندا وتراوە (ساس الناس) واتە ڕابەرایەتی لە ئەستۆ گرتووە. یان دەڵێت (ساس الفرس) ئەسپەکەی ڕاهێنا و ئامادەی کرد. بە مانایەکی تر واتە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك و (ساس

**الرعية) واتە فەرمانڕەوایی چاکەو ڕێگرتن لە خراپە و (ساس الطعام) واتە کرمی وسوس کە خواردن دەخوات... هتد[2].**

**ئەگەر سەیری مانای زمانەوانی سیاسەت و داتاشراوەکانی بکەین ئەوا دەبینین کە هەموو جۆرەکانی سیاسەتی بەڕێوەبردنی فەرمانڕەواییەکی سەرکەوتوو ستەمکارو توندوتیژ لەخۆ دەگرێت کە هەڵدەستێت بە فەرمانڕەوایەتی خەڵك. هەروەها هاوشێوەی کرمی دار وایە کە وەك دەبێتە هۆی داڕزاندن و بنکۆڵ کردنی، بەهەمان شێوە دیکتاتۆریەت گەل بەرەو وێرانی و کاولکاری دەبات و هێز و توانای لێ دەبڕێت و لە هەموو داهێنانکاریەکی دەخات.**

(2) بگەڕێرەوە بۆ : القاموس المحيط ، ولسان العرب ، والمعجم الوسيط ، والمصابح المنير مادة ( ساس )

## جێنشینی و جیگرتنەوە:

وشەی (الخليفة) جێنشین چەندان جار لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە وەك ئەوەی خوای گەورە لە رونکردنەوەی پەیامی ئادەم ئەرك و بەرپرسیارێتی لەسەر زەویدا دەفەرموێت ﴿**إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً**﴾[3] واتە لەسەر زەویدا نیشتەجێ دەبێت بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو و قورئانیش ئامانجەکان بەم شێوەیە دیاری دەکات.

أ- بۆ پەرستنی خوای گەورە، کە دەفەرموێت ﴿**وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ**﴾[4] ئاوەدانکردنەوەی گەردوون لەژێر رۆشنایی ئەو پەیامەی کە خوای گەورە ناردوویەتی کە لەسەر بنەمای چاکەکاری و چاکسازی و بەبێ بوونی گەندەڵی و خراپەکاری دامەزراوە. خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا**﴾[5].

فکرەی خەلافەت لە فیقهی سیاسی ئیسلامیدا پەیوەست کراوەتەوە بەو زەمەنەی کە چوار خەلیفەکەی راشدین حوکمیان کردووە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت (**عليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين من بعدى**)، واتە (دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی خەلیفەکانی راشیدین کە دوایی دێن).

دەستەواژەی (خەلیفە) بەم مانایە کە باس لە فەرمانڕەوایی بکات لە قورئاندا لەم ئایەتەدا هاتووە. کە دەفەرموێت ﴿**يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً**

---

(3) سورة البقرة / الآية30

(4) سورة الذريات / الآية 56

(5) سورة هود / الآية61

﴿فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ....﴾[6] هاوەڵانی پێغەمبەر بە خەلیفە ئەبوبەکریان وتووە خەلیفە واتە جێنشینی پێغەمبەر، بەڵام کە عومەر هات گران بوو بوترێت خەلیفەی خەلیفە لەبەرئەوە پێیان وتووە (أمیر المؤمنین).

## سەربوردێکی مێژوویی کورت دەربارەی مافە سیاسییەکانی ئافرەت:

لە شارستانیەتەکانی پێش ئیسلامدا ئافرەت نەك خاوەنی مافە سیاسییەکان نەبوو، بەڵکو خاوەنی مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانیشی نەبووە. تەنانەت لەژێر سایەی یاسای رۆمانیدا خاوەنی ئەهلیەتیش نەبووە، هەندێك لە شارستانیەتەکان وەك شەڕێك سەیری ئافرەت دەکەن و دەڵێت پێوستە خۆمانی لێ رزگار بکەین، لە سەردەمی نەفامی عەرەبیشدا زیندەبەچاڵ کردن چارەنووسی زۆربەیان بووە، لە زۆربەی شارستانیەتە کۆنەکانیشدا وەك کاڵایەك کراون بە میراتی[7]. لە کاتێکدا کە ئیسلام هات بە چاوێکی ترەوە سەیری ئافرەتی کرد کە جیاوازبوو لەوانی تر. کەرامەت و مرۆڤایەتی گێڕایەوە بۆی، ئەمەشی تەئصیل کرد و ئەمەی لەو رێگەیەوە چەسپاندی کە لەگەڵ پیاودا هەمان بنەچەیان هەیە **(أنتم بنو آدم وآدم من تراب)**[8] پاشان ﴿مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ﴾[9] واتە لە تێکەڵەیەك لە کرۆمۆسۆم دروست بووە کە 23یان لە ژن و 23 کەی تری لە پیاوەیە. لە قورئاندا هەموو ئەو ئایەتانەی

---

(6) سورة ص / الآية 26

(7) بگەڕێوە بۆ د. سعاد عبدالله الناصر : قضية المرأة ، كتاب الأمة العدد 97 ص 53 ، د. مثنى الكردستاني: حركات تحرير المرأة ص 42

(8) رواه أبو داود في سننه الحديث 5116 ط. حمص (340/5) والترمذي الحديث 3950 وحسنه ونقل المنذري تصحيحه

(9) سورة الانسان / الآية2

کە تایبەتن بە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و سزاو پاداشت و ماف و ئەرکەکانی هەردوو رەگەزەکە دەگرێتەوە. خوای گەورە لە رێگەی ئەم ئایەتەوە جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾(10) ئەم پلەیەش پلەی بەڕێوەبردنی ماڵ و ژیانی خێزانیە لە رێگەی پرس و راو خۆشەویستی و ئارامی دەرونیە، بۆئەوەی خێزان بباتە کەناری ئاسودەیی و ئارامی. خوای گەورە دەفەرموێت ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ﴾(11).

قورئانی پیرۆز ئەوە بەرپەرچ دەداتەوە کە ئافرەتی یەکەم (حەوا) هۆکاری دەرکردنی ئادەم بووبێت و ئەو نەگبەتیانەی کە لە دوایدا تووشی نەوەکان بوەتەوەو ئەم بەرپرسیاریەتە بخاتە ئەستۆی حەوا، هەروەك ئەوە شتێکی باوە لە زۆربەی ئاینەکانی پێشوودا. چونکە ئایەتەکانی قورئان ئەوەیان رونکردۆتەوە کە فەرمانی دورکەوتنەوە لە دارەکە بۆ هەردوو لایان بووەو تایبەت نەبووە بە یەکێکیان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ﴾(12) هەردووکیان لەلایەن شەیتانەوە خەڵەتێنراون. ﴿فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ﴾(13) هەردووکیان بەیەکەوە سەرپێچییەکەیان ئەنجامداوە. ﴿فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ﴾(14) و هەردووکیان

---

(10) سورة البقرة / الآية228

(11) سورة النساء / الآية32

(12) سورة الأعراف / الآية19

(13) سورة لأعراف/ الآية22

(14) سورة لأعراف / الآية22

بەیەکەوە ﴿بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ﴾[15] هەردوکیان یەکسان بوون لە تورەکردنی خودا. خوای گەورە پێی وتن ﴿وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَنْ تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ﴾[16] هەردووکیان بەیەکەوە هەستیان بە تاوانەکەیان کردو پەیشمانیان دەربڕی ﴿قَالا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنْفُسَنَا وَإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[17] بەڵکو هەندێك ئایەت سەرپێچی و بەرپرسیارێتیەکە دەخەنە ئەستۆی ئادەم ﴿وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى﴾[18] هەموو ئایەتە قورئانیەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پیاو و ئافرەت یەکسانن لە وەرگرتنی سزاو پاداشتدا وەك دەفەرموێت ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾[19].

کە ئیسلام هات هەموو ئەو عادات و تەقالیدانەی نەهێشت کە لەگەڵ رێز و کەرامەت و مرۆڤایەتی ئافرەتاندا یەك ناگرنەوەو دەبنە هۆی دابەزاندنی شکۆی مرۆییانەی ئافرەت، کە لێرەدا بواری باسکردنی نییە.

بۆ ئەم مەبەستەش هەموو خاوەن ویژدانەکان لە ژن و پیاو لە مسوڵمان و نا مسوڵمان شایەتی بۆ ئەم راستیە دەدەن زۆربەی ژنان تەنانەت ئەوانەش کە

---

(15) سورة الأعراف / الآية22

(16) سورة الأعراف / الآية22

(17) سورة الأعراف / الآية 23

(18) سورة طه / الآية121

(19) سورة الأحزاب / الآية 35

**خۆیان بانگخوازان ئازادی ئافرەت دەزانن دەڵێن ئیسلام ئاینی چاکسازیە، هاتووە بۆئەوەی ستەمی سەر ستەملێکراو لاببات. هەر لەبەرئەوەش بوو خەدیجە یەکەم کەس بوو کە باوەڕی پێ هێنا پاشانیش سمیە و هاوشێوەکانی مسوڵمان بوون کە هەموویان جاریە بوون.**

**(توجان فەیسەڵ) دەربارەی ڕۆڵی مسوڵمانبوونی ئەسمائی کچی ئەبوبەکر کە هاوەڵێکی بەڕێزی پێغەمبەری خوابوو، شۆڕشگێڕێکی سیاسیی بەناوبانگیش بوو دەڵێت "مافەکانی ئافرەت لە ئیسلامدا هەروەك ئەحکامەکانی تر گوژمێکی سیاسیی کۆمەلایەتی دروستکرد، کە جیاوازی زۆری هەبوو لەوەی کە لەپێش ئیسلامدا هەبوو.. هەر لە نەهێشتنی جیاکاری و رەگەزپەرستی، هەتا ئەو ئاستەی کە کەوتە سەرپێ و بەردەوامی بۆ دروست بوو.. ئەم پرۆگرامە چاکسازیەی وای لە ئیسلام کرد کە ئاینێك بێت باش و گونجاو بێت بۆ هەموو کات و شوێنێك"[20]**

**لەم سەردەمەشدا تەنانەت ولاتە پێشکەوتووەکانیش دواکەوتن لە دانان بە مافە سیاسیەکانی ئافرەتاندا بەشێوەیەکی گشتی، لە ئەمریکادا دان بەم مافانەدا نەنراوە هەتا ساڵی 1920، لە بەریتانیاش لە ساڵی 1928 لە فەڕەنساش لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو تەواوکەری دووەمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە و نیوەی هێزی مرۆییە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، هەر ئەوانن کە بەرپرسیارێتی بنیاتنانی پیاوان و پەروەردەی پاڵەوانەکانی مێژویان لە ئەستۆدایە، زۆرترین نەهامەتیەکانی ژیان لەسەر شانی ئەوانە، لە گرفت و هەژاری و دەربەدەری**

---

(20) **وتارەکەی بەناونیشانی : هل تصبح المرأة حصان طراودة ، المنشور في الجزيرة نت ، الأحد 1425/8/18هـ الموافق** 2004/10/3م

و نەبوونی و پەنابەری. لەبەرامبەر ئەم هەموو ئەرکانەدا رۆڵی سیاسیی هەتا ئێستاش لەسەر ئاستی جیهان لەچاو رۆڵەکانی تردا زۆر کەمە، سەرژمێریەکان باس لەوە دەکەن کە رێژەی بەشداری ئافرەت لە پەرلەمانی وڵاتانی عەرەبیدا. لە نێوان 1٪ - 4٪ دایە لەئەنجوومەنی گەلی میسری پێشوودا رێژەی بەشداری ئافرەت 2.2٪ بووە. تەنانەت لە جیهانی رۆژئاواشدا کە زۆر پێشکەوتوون لە رێژەی نوێنەرایەتی بەو شێوەیە نیە. بۆ نموونە رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە پەرلەمانی بەریتانیادا رێژەکەی 18,2٪ و لە پەرلەمانی فەرەنسا (وڵاتی روناکی ئازادی وەك دەڵێن 6٪) و لە وڵاتانی ئاسیادا دەگاتە 19٪ و لە ئەمریکای لاتینیش 10٪یە[21].

لەلایەنی سیاسیی و جێبەجێکردنی سەرۆکایەتیەوە بە درێژایی ئەو مێژووە درێژەی کە هەیانبووە زۆربەی شارستانیەتەکانی پێشوو وەك شارستانیەتی رۆمانی و یۆنان و چینی نەیانتوانیوە تەنانەت یەك ئافرەت بگەیەننە هەرەمی سەرکردایەتی ئیمپراتۆریەتیەکەیان، تەنانەت ئەمریکاش هەتا ئێستا لە مێژووی سیاسیی خۆیدا نەیتوانیوە ژنێك بکەنە سەرۆك کۆمار. مافە سیاسییەکانی ئافرەت لە سەدەی بیستەوە لە رێگەی جاڕنامەی گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤ باسکراوە. پاشان دەستکرا بە کارکردن لە پێناو توێژینەوە لەسەر فراوانکردنی ماف و ئازادیەکان کە تایبەتن بە ئافرەت و پاشان لە شێوەی یاسایەکی مولزەمدا داڕێژرا. ئەم کارەش بوەهۆی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کۆمەڵێك پەیماننامەی گرنگ کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەبوو بە ئاستی مافەکانی ئافرەت بەتایبەتیش لە بواری

(21) أکرم عطا الله : وتارێکی تایبەت بە بەشداری سیاسی ئافرەتان لە فەڵەستین ص 1 ، بگەڕێوە بۆ : المرأة والحیاة السیاسیة ، إصدار المرکز المصري لحقوق المرأة ص 19 ، ودائرة الاحصاء المرکزیة في فلسطین ص 11

سیاسیی دا، وەك ڕێكەوتننامەی تایبەت بە مافەسیاسیەكانی ئافرەت لە ساڵی 1952، ڕێكەوتننامەی تایبەت بە بنەبڕكردنی هەموو جۆرەكانی جیاكاری دژ بە ئافرەت كە ساڵی 1979 دانی پێدانراوەو لە ساڵی 1981 دەست بە جێبەجێكردنی كراوە. ئەوەی كە گرنگ بوو لەم ڕێكەوتنەدا، ئەوەبوو كە بەشێوەیەكی وردی بوارە جیهانیەكان ئەو مافەی دیاریكرد ئەویش لە ڕێگەی ئەو دوو ماددەیەی كە لە ڕێكەوتننامەكەدا هاتووەو باس لە یەكسانی ئافرەت دەكات لەگەڵ پیاودا لەم لایەنانەوە:-

1- دەنگدان لە هەموو هەڵبژاردنەكاندا.

2- توانای خۆپاڵاوتن

3- بەشداری لە داڕشتنی سیاسەتەكان و جێبەجێكردنی.

4- بەدەستەوەگرتنی پۆستە گشتییەكان لەسەر هەموو ئاستەكانی حكومەت.

5- بەشداری لە ڕێكخراوەكان و كۆمەڵە ناحكومیەكاندا.

6- نوێنەرایەتی كردنی حكومەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

7- بەشداریكردن لە ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكاندا.

بەڵام گرنگترین سیماكانی ئەم ڕێكەوتننامەیە جەخت كردنەوەیە لەسەر چەسپاندنی یەكسانی ڕاستەقینە، سەرەڕای یەكسانی لەڕووی یاساییەوە، كە ئەمەش دەنگی داوەتەوە لەسەر كۆمەڵێك بەیاننامەو جاڕنامەی نێودەوڵەتی تر. دوایەمینیشیان ئەو بڕیارانەبوون كە لە چوارەمین كۆنگرەی جیهانی ئافرەتان لە پەكین بەسترا لە ساڵی 1995[22].

---

(22) بگەڕێوە بۆ : عواطف عبدالماجد : رؤية تأصيلية لاتفاقية القضاء على جميع اشكال التمييز ضد المرأة ، نشر مركز دراسات المرأة بالسودان

**کێشەیەکی گەورەو کاردانەوەیەکی نا هاوسەنگ لە فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا**

لە مەسەلەی ئافرەتدا کێشەیەکی گەورە دروست بوو کە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر فیکری ئیسلامی کۆن و نوێدا، لەوانەش:-

یەکەم/ تێکەڵ بوونی عورف و تەقلید بە ئاین، بەتیبەتی لە بواری ئافرەتدا و هەژموونی پیاویش بەسەر بوارە جۆربەجۆرەکاندا رۆڵێکی گەورەی بینیوە.

دووەم/ مەسەلەی (سد الذرائع) کە لە 90٪ی مافەکانی ئافرەتی پێشێل کردووە.

سێهەم/ پارێزگاری لە مافەکانی ئافرەت لەسەرەتادا لەسەر دەستی عەلمانیەکان، ئەوانەی پێیاندەڵێن روناکبیرەکان کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری شارستانیەتی رۆژئاوا و تەنانەت داوای شوێنکەوتن و لاسایی کردنەوەی ئەوانیان دەکرد.

چوارەم/ داگیرکەران هەوڵیان داوەو ئێستاش دەیدەن کە کێشەی ئافرەت ئیستیغلال بکەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان لە خراپەکاری و ئاڵۆزکردنی سیستمی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، بۆئەوەی ئامادەی بکەن بۆ هەژموونی داگیرکەران.

پێنجەم/ بانگەشەی رۆژئاواییەکان و عەلمانیەکان تەواو پێچەوانەی بۆچوونە ئیسلامیەکان بوون، ئەوان هەوڵیان دەدا کە بەدڕەوشتی و کولتوری سێکس بڵاوە پێ بکەن و بەتەواوی کۆتایی بە خێزان بهێنن و هاورەگەزبازی گەشە پێ بدەن، هەروەك ئێستا بە ئاشکرا لە کۆنگرە ژنانیە نێودەوڵەتیەکاندا دەبینرێت، بەتایبەت ئەوەی لە قاهیرەو پەکین بەسترا، هەروەها لە زۆر

نووسین و هۆکانی راگەیاندن برەو بەم کێشەیە دەدرێت و تەنانە وای لێهاتووە کێشەی ئافرەت کراوەتە یەکەم کێشەی گرنگ و هەستیار لە کۆمەڵگەدا.

شەشەم/ زیادەڕۆیی بزوتنەوەکانی ژنان لە باسکردنی مافی ئافرەت و تەنانەت گەیشتۆتە ئاستێك کە لە ئێستا فەزڵی ئافرەت دەدەن بەسەر پیاودا، دروشمی دژ بە پیاوان بەرز دەکەنەوەو شەڕێکیان دژ بە پیاوان دروستکردووە و بانگەشەی دروستکردنی جیهانێك دەکەن بەبێ پیاو[23].

حەوتەم/ پەیوەست بوونی رێکخراوەکانی ژنان لە سەدەکانی (19 و 20) و ئەوانەی کە پارێزگاری لە مافی ژنان دەکەن بە بازنەی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە.

هەشتەم/ بەشێوەیەکی گشتی هێرش دەکەنە سەر ئیسلام، بەتایبەتیش ئەو فەرموودانەی تایبەتن بە ئافرەت، وەك ئەو فەرموودەیەی کە باس لە ناتەواوی عەقڵی ئافرەت دەکات و ئەمەش کە باس لە دروست بوونی ئافرەت دەکات لە پەراسوی خوار.

## کاردانەوەی هەندێك لە ئیسلامیەکان

لە بەرامبەر ئەو خاڵانەی کە پێشتر باسمانکرد هەندێك لە ئیسلامیەکان کاردانەوەیەکی توندیان لێ دروست بوو بەشێوەیەك کە کار گەیشتە ئەوەی کە بووەهۆی ئەوەی کە بە سوك سەیری مافەکانی ئافرەت بکەن و بکەونە بەرگری کردن لەوەی کە لە کولتوردا هەیە، بەمەش ویستیان بەرگری لە شتێکی باتڵ بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو رێگەیەکیان گرتەبەر.

---

(23) هبة رؤوف عزت : المرأة والعمل السياسي ط. معهد الفكر العالمي 1995 ص 63

ئەوەشی کە بوەهۆی یاریدەدانی ئەو بارودۆخە بوونی پرۆگرامێکی خوێندن بوو کە خزمەتی بەو بۆچوونانە دەکرد هەروەها ئەو قوتابخانانەی کە خزمەتیان بەو بۆچوونە دەکرد و ئەمەش بانگەشەیەك بوو بۆ بەهێزکردنی کولتورە تەقلیدیەکەی کۆمەڵگا.

بەڵام ئەوەی کە پێویست بوو بەرگری کردن بو لە راستی، تێڕوانینیشمان بۆ کولتورە بەرێزەکەشمان دەبوایە لەسەر بنەمای لە بێژنگدان و تەتەڵەکردن بێت. لەپێناو کەڵك وەرگرتن و سود وەرگرتندا، ئەویش بە دیدێکی تاقیکردنەوەو هەڵبژاردن و پاڵفتەکردن، بەبێ پیرۆزکردن و دابڕان، واتە گەڕانەوە بۆ کانیاوە رەسەنەکانی ئەم ئاینە، کە خۆی دەبینێتەوە لە قورئان و فەرمودەی راست و پاك، پاشان کەڵك وەرگرتن لە هەموو کۆنێکی چاك و لە هەموو تازەیەکی بەکەڵك، دانایش گوم بووی مسوڵمانەو ئەو لە هەمووکەس شایەن ترە پێی لە هەرشوێنێك بیدۆزێتەوە، ئەویش لە رێگەی مەنهەجیەتێکی کۆوە لە نێوان هەموو دەقە شەرعیەکاندا. تێڕوانین بۆی بە شێوەیەکی هەمە لایەنەبێت و لەسەر بنەمای بنەماو ئامانجەکانی شەریعەت بێت, کە ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی یەکسانی بکاتە رەگەزێکی هاوبەشی نێوان هەموو مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای فەرموودەی (هەمووتان لە ئادەمن ئادەمیش لە خاکە). خوای گەورە هەموو مرۆڤایەتی لە نێرو مێیەك دروستکردووە، کە ئادەم و حەوان، هەموویان بە ئامانجی ئەنجامدانی بەندایەتی و جێنشینی لەسەر زەوی دروستکراون و ئەمەش لە داهاتوودا روون دەکەینەوە.

راسترین شێواز بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم مەنهەجەدا ئەوەیە کە نابێت بکەوینە ژێر کاریگەری ئەوەی کە لە دەرەوەدا دێت و ئەوەش کە لە کولتوردا هەیە، مادام دەقێکی چەسپاو نەبێت. هەروەها نابێت بکەوینە ژێر

کاریگەری راڤەو بۆچوونەکان کە لەسەر دەقەکان کراون مادام ئەو بۆچوونانە دەقیان لەسەر نەبێت، هەروەها دەبێت بگەڕێین بۆ تەئویلی تر، مادام دەشێت ئەو دەقە تەئویلی تر هەڵبگرێت.

## مافەکانی ئافرەت لە دەستوری وڵاتانی عەرەبیدا

وڵاتە عەرەبیەکان لەسەر نەهجێکی دیاریکراو نین، بەڵکو جۆراوجۆرن بەم شێوەیەی خوارەوە:-

1- هەندێك لەو وڵاتانە خاوەن دەستورو یاسایەك نین کە راڤەی ئەو مافە سیاسیانە بکات بۆ هاوڵاتیان و ئەمەش هەردوو رەگەزی پیاو و ئافرەت دەگرێتەوە.

2- هەندێك وڵات خاوەن دەستورن، بەڵام بەهیچ ماددەیەکی دەستوری و یاسایەك رێگەیان بە بەشداری سیاسیی ئافرەت نەداوە، وەك وڵاتانی (کوەیت و ئیمارات)، لەم دواییانەدا لە دەستوری کوەیتیدا هەموار کردنەوەیەك کراو بەم هۆیەوە رێگە دراوە کە ئافرەت بەشداری سیاسیی هەبێت، بەڵام لەژێر رۆشنایی بنەماکانی شەریعەتدا.

3- هەندێك وڵات بە دەستورو یاسا رێگەی بەشداری سیاسیی ئافرەتانیان داوە وەك (تونس، میسر، سوریا، عێراق، ئەردەن، مەغریب، لوبنان، یەمەن، بەحرەین ، قەتەر ... هتد)

ئەوەی تێبینی دەکرێت کە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ مافە سیاسیەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگە عەرەبیەکاندا، پەیوەستە بە کۆمەڵێك بابەتی ئاڵۆزەوە، هەندێکی پەیوەستە بە تەقالید و کولتورێکی مێژوویی بەجێماو لەگەڵ

تەئویلی دەقە ئاینیەکان، لێرەدا باس لە کۆمەڵێك رێگر دەکەین کە بوەتە هۆی گرفت لە بەردەم چالاك بوونی رۆڵی ئافرەتاندا لە بواری گشتی دا:-

1- کولتورێکی مێژوویی بۆماوە کە لە تەقلید و عورف وەرگیراوە نەك ئاین، هەر بەم هۆیەوە رۆڵی ئافرەت قەتیس دەدەن لە چەند بوایێکی سنورداردا.

2- گرفتی نەخوێندەواری، کە رۆڵێکی مەترسیار دەبینێت لەبەردەم جوڵەو چالاکی لەڕوی چالاکی نیشتمانی و دیموکراسی. نەخوێندەواری پێچەوانەی ئەوەیە کە ئیسلام هەوڵی بۆ دەدات، هەر لە یەکەم سورەتدا قورئان باس لە گرنگی خوێندەواری دەکات وەك دەفەرموێت ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ..﴾[24] نەخوێندەواری تەنها باس لە خوێندنەوەو نووسین نیە، بەڵکو مەبەست لێی نەزانی کۆمەڵگەیە بە بنەماکانی شەریعەت و مافە یاسایی و شەرعی و سیاسیەکانە، لەبەرئەوە هەرموو هەوڵەکان دەبنە کەفی سەرئاو، ئەگەر نەخوێندەواری ببێتە بنچینەی فەرمانڕەوایی بەسەر چالاکیەکانی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا.

3- بوونی بۆشاییەکی گەورە لە نێوان دەقەکانی دەستورو یاسا دانراوەکان، لە پێناوی بە یەکسانییەکی گونجاو لەنێوان ژن و پیاودا و لە نێوان ئەگەری جێبەجێ بوون لەسەر زەمینی واقیع دا، واقیعی ئافرەت لەم کۆمەڵگایانەدا بوەتە هۆی دورکەوتنەوەی لە بوارەکانی بەشداری لە بڕیاری سیاسی و لاوازبوونی بەشداری لەکاری سیاسیی دا[25].

---

(24) سورة العلق / الآية 1

(25) سایتی http://www.balagh.com/woman/index.htm ، لەگەڵ دەستکاری دا

## کێشەی ئافرەت و سیاسەتی داگیرکەران و هەرێمایەتی

**وڵاتانی داگیرکەرو ئەوانەی چاویان بڕیوەتە خێرو بێری وڵاتانی ئیسلامی، زۆر بە شێوەیەکی ترسناك ئیستیغلالی کێشەی ئافرەتیان کردووە بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك ڕێکخراو مونتەدای تایبەت بە ئافرەتانیان دروست کردو هەوڵیاندا دەست بخەنە ناو هەندێکیان، لێرەدا با باس لە هودا شەعراوی بکەین[26]، لەکاتێکدا کە گەلی میسر دەستیان دایە ڕاپەڕین دژی داگیرکەری ئینگلیز. لەم کاتەداو لە ساڵی 1923 هەستا بە دروستکردنی ڕێکخراوێکی ئافرەتان. لەم کاتەدا گەورەترین دروشمیان ئەوەبوو، داوای دەکرد کە پێش ئازاد بوون لە داگیرکەر، دەبێت پێش ئەوە ئافرەت ئازاد بکەین، سەفیە زەغلول کە یەکێکی ترە لەو ئافرەتانەی کە بانگەشەی ئازادی ئافرەتانی دەکرد، لە ساڵی 1919 سەرکردایەتی خۆپیشاندانێکی کردو لە کۆبوونەوەیەکدا لەبەردەم مۆڵگەیەکی سوپای ئینگلیز لە ساڵی 1919 لە مەیدانی تەحریری قاهیرە لەو کاتەدا کە دروشمی دژ بە داگیرکەرانیان دەوتەوە، لەم کاتەدا حیجابەکەی لەبەری داکەند و خستیە ژێر پێیەکانی، لەدوای ئەویش چەند کەسێکی تریان هەمان شتیان کرد و بەم هۆیەوە**

---

(26) هدى الشعرواي ( 1879 ـ 1949م ) ناوی نور الهدى محمد سلطان پاشایە ، ناوی خۆی خستوەتە پاڵ مێردەکەی ( على با شا الشعراوى ) لەسەر ڕێچکەی ڕۆئاوایيەکان ، لە خێزانێکە کە پەیوەند یەکی زۆر یان بە داگیر کەری ئینگلیزەوە هەبووە ، پەیوە ندی لە گەڵ مێردەکە یدا باش نەبووە ، چونکە لە تە مەنی 12 ساڵی دا بەزۆر بە شوویان داوە بە پیاو ێك کە تە مەنی لەخۆی زۆر گەورەتربووەو ، دوای هەشت ساڵ لێی جیابۆتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆلای.

بگەڕێوە بۆ : نجلاء حماده : زمن النساء والذاكرة البليدة ، ملتقى ذاكرة المرأة 1998 ص 283 ، ومحمد اسماعيل : عودة الحجاب ص 106 ، ود.مثنى الكردستاني : حركات تحرر المرأة ص 205

کێشە سەرەکیەکەیان لەبیر چووەوە[27]، لەپێناو ڕێگرتن لەو هەوڵانەدا کە دەیانویست گەلی عەرەبی لەسەر ڕێڕەوی خەباتی ڕاستەقینە لابدەن، چاکسازان و پارتە سیاسییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دژیان وەستانەوە.
لە نموونەی ئەو پارتانەش پارتی نیشتمانی میسری بە سەرۆکایەتی مستەفا کامل، چونکە ئەم هەوڵانەیان بەدەستێکی داگیرکەران دەزانی بۆ لەباربردنی شۆڕشە عەرەبیەکان.
لە ناوخۆشەوە لەساڵەکانی پەنجادا کودەتا سەربازیە عەرەبیەکان ئیستغلالی ئەمەیان کرد، ئەویش بە بنیاتنان و گەشەدان بە فیکری شیوعی و سۆسیالیستی کە هەر لە بنەڕەتدا دان بە هیچ بنەمایەکی ئاینیدا نانێت و داوای بەرەڵلایی بێ سنور دەکات، ئەویش لەپێناو دورخستنەوەی ئاین لە ژیان و دان نەنان بە مارەکردن و مارەیی و پەیمانە کۆمەڵایەتیەکان و سنوربەندیەکانی[28].
پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی عەرەبی لە زۆر وڵاتداو دەستبەکاربوونی دەسەڵاتە نوێیەکان، لەم بارودۆخە تازەیەدا لەلایەن ئیدارەی ئەمریکیەوە بەسەرکردایەتی بۆش گرنگیەکی زۆر درا بە کێشەی ئافرەت. لە گرنگترین کارەکانیشی چاکسازی سیاسیی و دیموکراتی و فێرکردن بوو، ئەمەش لە وتارەکانی سەرۆك بۆشدا بە تەواوی هەستی پێدەکرا، بۆ ئەم مەبەستەش فشارە سیاسیەکانی دەست پێکرد.
کتێبەکەی قاسم ئەمین کە لە ساڵی 1908 بەناوی ئازادکردنی ئافرەتان بڵاوکرایەوە کە تایبەت بوو بە کێشەی ئافرەتان دەرگای واڵا کرد بۆ زۆر شت

---

(27) محمد قطب : قضية تحرير المرأة ط. دار الوطن بالرياض 1410هـ

(28) بۆخۆمان گوێمان لێ بووە کە بە لەهجەی عامی دەیوت : بعدها لشهر ماكو عقد ولا مهر

و سەرەتایەك بوو بۆ گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر ئەم بابەتە، (منیرە سابت) لە ساڵی 1919 داوای بەشداری سیاسیی ئافرەتان کرد و بۆ ئەم مەبەستەش (هودا شەعراوی) و (دریە شەفیق) پشتگیریان کرد و داوایان کرد ئافرەت مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و بەشداری هەبێت لە پەرلەماندا، لە دوای ئەمەش یەکێتی ئافرەتانی میسری پشتیوانی لە داواکانیان کرد. لە پەیڕەو و پڕۆگرامی ڕێکخراوەکەشدا هاتووە کە دەڵێت (هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن کە دەبێت ژنانیش وەك پیاوان مافیان هەبێت لە هەڵبژاردندا)[29]. ئافرەتانی میسر لەدوای ئەمە هەوڵیاندا کە پارتی سیاسیی دروست بکەن. (فاتمە نیعمەت و دریە شەفیق) داوای بنیاتنانی پارتێکی سیاسیان کرد و لەم هەوڵەشیاندا سەرکەوتوو بوون و توانیان پارتێك بەناوی (بنت النیل) دروست بکەین.

هەوڵەکانی ئەم ئافرەتانە توانیان قەناعەت بە هەندێك لە نووسەرو پەرلەمانیەکان بکەن، کە ئەوانیش پشتگیریان بکەن و داوای ئەم مافانەیان بۆ بکەن. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی 1946 یاداشتێکیان دابە ئەنجوومەنی پیرانی میسری کە تیایدا داوایان کردبوو دەبێت ئافرەتان مافی هەڵبژاردنیان هەبێت، ئەمەشیان کردە پرۆژەیەك و لە ساڵەکانی 1947 و 1948 پێشکەش کران و ئەمەشیان بە مافێکی سروشتی و مەشروع لەقەڵەم دا.

لەم سەروبەندەدابوو لە 1948/12/10 جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن کۆمەڵگای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوو، هەر لەدوای ئەوە لە ساڵی 1951/4/19 لە کۆنگرەیەکی ئافرەتاندا کە لە قاهیرە بەڕێوەچوو، ژنان هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان بەرامبەر پیاوان گرتەبەر و دەنگی ژنە شاعیری میسری بەرزبووەوە ئاگاداری پیاوانی کردەوەو وتی:-

---

(29) یاداشتەکانی هدی شعرواي ص 332

ولكن القلوب تكنّ ناراً أمامكم ترون هدوء وجه

فنار قلوبنا ازدادت أواراً فما يثني عزائمنا وعيدٌ

لەدوای ئەوە خۆپیشاندان و ناڕەزایی ئافرەتان دەستی پێکرد، کە داوای ئازادی و یەکسانیان دەکرد لە هەموو ماف و کرێیەکدا. ئەم هەوڵانە لە خۆپیشاندانەکەی 1954/3/12[30] جارێکی تر دووبارە بوونەوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا دەستوری ساڵی 1956 بەرهەم هات، کە تیایدا مافی هەڵبژاردنی کردە مافێك بۆ هەموو میسریەکان بە ژن و پیاوەوە.

لەبەرامبەر ئەم داوایانەدا (کە راست و ناڕاست تێکەڵاو کرابوون و تەنها جەخت کرابووەوە لەسەر بە رۆژئاوایی بوون و سفوری) چەند داوایەکی تر سەریان هەڵدا کە ئەمانە لەلایەن ئافرەتانی پابەند بە ئاین و ژمارەیەك لە نووسەرو چاکسازی وەك (محمد عەبدەو رفاعە تەهتاوی و عەلی موبارەك) بوو. پاشان محمد عەلی هەستی بە گرنگی قوتابخانەی کچان کردبوو، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی 1832 هەستا بە بنیاتنانی قوتابخانەی کچان، بەڵام بە ئەوپەڕی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی و جێبەجێکردنی ئادابەکانی ئیسلام، بۆ نموونە لەکاتێکدا کە یەکەم قوتابخانەی دواناوەندی کچانی لە قاهیرە کردەوە دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە هەموویان ئافرەت بوون، تەنیا مامۆستای عەرەبی نەبێت، کە ئەویش لەبەر نەبوونی مامۆستای ئافرەت بوو، لە نێو مامۆستا پیاوەکانیشدا مامۆستای خێزاندارو چاکی هەڵدەبژارد، قوتابیە کچەکان کە دەچوون بۆ قوتابخانە ئۆتۆمبیلەکانیان بە

---

(30) د. اجلال خليفة : الحركة النسائية ص 174 ، ود. السيد أحمد فرج : المؤامرة على المرأة المسلمة ط. دار الوفاء بمصر ص 106-109

پەردە داپۆشرابوون و بەهەمان شێوە دەگەڕانەوە بۆ قوتابخانە، یان دایك و باوكیان دەیانگەیاندن بە قوتابخانە.

## فەتوا ناكۆكەكان و رۆڵی زەمەنی تیایدا

زانایانمان لە سەدە روناك و باشەكاندا (سێ سەدەی یەكەم) تەنها بەوەوە نەدەوەستان كە ئەفكارە شەرعیەكان بۆ كێشەكانی سەردەمی خۆیان باس بكەن، بەڵكو چاویان بڕیبووە ئایندەو لە رێگەی چارەسەرە شەرعیەكانیانەوە جۆرەها ئەگەریان داناوە بۆ ئایندە، لەوانەش كە بەم جۆرە بیركردنەوە بەناو بانگ بوون (حەنەفیەكان بوون هەتا بەجۆرێك بوو پێیان دەوتن) (أرأيته) واتە ئەگەر وانەبوایە ئەوا وادەبوو. بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین ئامادەكردنی ئەگەرەكانی بۆ ئایندە ئەویش لە رێگەی گوشینی عەقڵەوە بوو، بۆ هەر ئەگەرێكیش حوكمێكی شەرعییان دادەنا. بۆ نموونە دەیانوت ئەگەر ژنێك لە رۆژئاوا شوی بە پیاوێك كرد لە رۆژهەڵات لەكاتی خۆرئاوابووندا، پاشان پیاوەكە لە رۆژهەڵاتدا مرد، پاشان دەركەوت كە سكی پڕە لەدوای شەشە مانگ لە ئەم عەقدە منالی بوو ئەمە چۆنە؟ ئەم سك پڕیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەو پیاوە چۆتە لای، ئەویش بە ئەگەری ئەوەی كە شەوی بەسەردا هاتووە، پاشان گەڕاوەتەوەو مردووە، بەمشێوەیە.

لەلایەكی تریشەوە زەمەن كاریگەری هەبووە لەسەر فەتواو ئیجتیهادەكانیان، (ئیمام ئیبن و قەیم) بەشێكی گرنگی لە كتێبی (اعلام الموقعين عن ربّ العالمين) تەرخان كردووە بۆ گۆڕینی فەتوا بەپێی كات و شوێن و بارودۆخ و

نیەت و پاشخانەکان، لەوێدا دەڵێت (ئەمە بەشێکی زۆر گرنگ و بەسودە، بەهۆی نەفامی و نەزانی بەم بابەتە هەڵەیەکی گەورە لەشەریعەتدا دروست بووە، کە بوەتە هۆی ناڕەحەتی و بارگرانی، پاشان دروستکردنی تەکلیف کە دوورە لە شەریعەت، چونکە شەریعەتی پاکی ئیسلام بەرژەوەندی لە پلەی یەکەوە دادەنێت، بنەماو بنچینەی شەریعەت لەسەر دادوەری و بەرەوەندی بەندەکان لە دنیاو دوارۆژ دروست بووە. کە هەمووی دادپەروەری و سۆزو بەرەوەندییە هەر حوکمێك لە دادپەروەریەوە بەرەو ستەمکاری و لە سۆزەوە بەرەو دژەکەی و لە بەرژەوەندیەوە بەرەو خراپەو گەندەڵی و لە جدیەتەوە بەرەو بێ ئامانجی بڕوات ئەوە پەیوەندی بە شەریعەتەوە نییە، هەرچەند بە تەئویلیش قسەی لەسەر بکرێت. شەریعەت دادپەروەری خوایە لە نێوان بەندەکانیدا، سۆز و بەزەییە لە نێو دروستکراوەکانیدا. سێبەری خوایە لەسەر زەویدا، ئەمەش یەکێکە لە داناییەکان و بەڵگەیە لەسەر راستگۆیی پێغەمبەرەکەی و راستگۆیی پەیامەکە نیشاندەدا، ئەمە ئەو روناکیەیە کە خاوەن چاوەکان دەیبینن. ئەو رێنماییەیە کە رێنمایی کراوان رێنماییان پێ وەرگرتووە. ئەو چارەسەرە تەواوەیە کە چارەی هەموو نەخۆشیەك دەکات، ئەمە ئەو رێگە راستەیە کە راستەکان لەسەری وەستاون، ئەمە نوری چاوە، ژیانی دڵە، لەزەتی گیانە، لەمەدا ژیان و خۆراك و چارەسەر و روناکی و پاکی هەیە، هەموو چاکەیەکی تیایە لە بووونداو سەرچاوەی هەموو سودێکە، هەموو ناتەواویەك لە ژیاندا بەهۆی نەبوونی ئەمەوەیە، وە ئەگەر لەبەر مانەوەی ئەو وێنانە نەبوایە، ئەوا دنیا کۆتایی دەهات و جیهان دەپێچرایەوە، ئەمە پاکیە بۆ خەڵك و پشتیوانێکە بۆ جیهان. بەمشێوەیە خوای گەورە دەستی گرتووە بە ئاسمانەکان و زەویەوەو ناهێڵێت لەناو بچن، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت دنیا کاول بکات و جیهان بپێچێتەوە، شوێنکارو

**جێ دەستی خۆی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان، ئەو شەریعەتەی کە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەکەی راگری جیهانە، جەمسەری رزگاری و خۆشبەختیە لە دنیاو دوارۆژدا)[31].**

**لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیر بکەین فەتوایەکی زۆر دەبینین کە لە زانای بەناوبانگەوە دەرچووە، کە جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت لە نێوانیاندا و بە گێڕانەوەی جۆراوجۆر و وتەی دژ بەیەکیش دەردەکەون. بۆ نموونە ئیمامی شافیعی کە چووە میسر چاوی خشاندەوە بە هەموو ئەوەی کە نوسیبووی، یەکێك لە قوتابیەکان دەڵێت جارێکی تر هەموو ئەوانەی نوسیەوە کە نوسیبووی لە پێش ئەوەی بێتە ناو میسرەوە تەنها کتێبی (الصداق) نەبێت. لەبەرئەوە لە بەرامبەر هەموو وتەیەکی کۆندا وتەیەکی تازەی دانا[32].**

**بەڵام دەبینین زۆربەی زانایان لەم سەدانەی دوایدا سودیان لە ئەم پێشەنگە بەرێزە نەبینی. بۆ نموونە هەندێك لەو زانایانە هەستان بە دەرکردنی فەتوایەك کە نابێت کچان بچنە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆ، بەڵام پاش ئەوەی شتەکە بوە ئەمری واقیع بە پێچەوانەوە فەتوایاندا بە جائیزبوونی لەکاتێکدا دەبوایە هەر لە سەرەتاوە ئەم فەتوایە نەبوایە بەوەی کە پێویستە هەموو شتێکی حەڵاڵ بە حەڵاڵی بهێڵرێتەوە بە رەچاوکردنی بنەما شەرعیەکان، بەهەمان شێوە ئەمە دەبینین لە مەسەلەی بەشداری سیاسیی ئافرەتاندا، لە سەرەتادا زۆربەی زاناو فەقیهە بەناوبانگەکان دژی ئەمە وەستانەوە، بەڵام لە دواییدا پەشیمان بوونەوەو فەتوای جائیزبوونیان دا.**

---

(31) **بگەڕێوە بۆ : اعلام الموقعين ط. الكليات الأزهرية ( 3/ 3-47)**

(32) **المجموع للنووي ( 1/ 66 ) ط. شركة العلماء**

لیژنەی فەتوای ئەزهەر بە سەرۆکایەتی شێخ محمد عبدالفتاح العنانی (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە رەمەزانی 1371 بەرامبەر 1952ی زاینی لەم بارەیەوە فەتوایەکی درێژیان دەرکرد لەژێر ناوی (حوکمی شەریعەتی ئیسلام لە بەشداری کردنی ئافرەت لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا) بە سەرەتایەکی باش دەست پێدەکات و دەڵێت:- (سروشتی کۆبوونەوە لە سەر شتێك پێویستی بە بیروڕای جیاواز و بە یەکڕابوونی بیرۆکەکان هەیە..) پاش کۆتایی هێنان بە گفتوگۆکان و هێنانەوەی بەلگەیەکی زۆر دەڵێت کە بەشداری سیاسیی ئافرەتان بۆ ئەوەی ببێ بە ئەندامی پەرلەمان و بیەوێت بەشداری هەڵبژاردن بکات جائیز نیە، چونکە ئەمە بەشێکە لە بەرپرسیارێتی گشتی، وە لەبەرئەوەش کە پەرلەمان تایبەتە بە دانانی یاسا، لەبەر ئەو دوو هۆکارەی رابردوو کە هەردووکی پشت دەبەستێت بەو فەرموودە راستەی کە ئیمامی بوخاری دەیگێڕێتەوەو ئەحمەد و نەسائی و ترمزیش پشتیوانی لێ دەکەن بە گێڕانەوەیەك لە ئەبی بەکرەوە کە دەفەرموێت لە کاتێکدا کە هەواڵی ئەوە بە پێغەمبەر گەیشت کە فارسەکان کچەکەی کیسرایان کردووە بە پاشای خۆیان فەرمووی (نەتەوەیەك خۆشبەخت نابن ئافرەتێك پێشەوایەتیان بکات)[33] فەتواکە دەڵێت (ئەو رێگرتنەی کە لە فەرمودەکەدا هاتووە بەم هۆیەوە رێ لە هەموو ئافرەتێك دەگیرێت لە هەموو سەردەمێکدا، کە بیەوێت پۆستێکی بەرپرسیارێتی گشتی وەربگرێت)[34].

---

(33) فەرموودەی صحيح سيأتي تخريجه

(34) فەتوای لیژنەی ئەزهەر ، المنشورة في : الحركات النسائية وصلتها بالاستعمار ، للأستاذ محمد عطية خميس ط. دار الانصار 98-127

بەڵام لە ئێستادا لە ئەزهەرو لە هەموو جیهانی ئیسلامی ئاراستەی فەتواکە گۆڕاوەو زۆربەیان ڕێگەیان داوە، زۆربەی زانایانی مسوڵمان و بزاڤە ئیسلامیەکان فەتوایان داوە کە جائیزە ئافرەت بەشداری سیاسیی هەبێت و ببێتە ئەندامی پەرلەمان، یان خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەندامی پەرلەمان، لەسەر بنەمای زەوابیتە شەرعیەکان. دوایەمین شەڕی سیاسیی و فیقهی دەربارەی بەشداری سیاسیی ئافرەت ئەوەبوو کە لە کوەیت روویدا.

ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە 35ی ساڵی 1962 تەنها ڕێگە بەو کوڕانە دەدات کە تەمەنیان لەسەرو 21 ساڵەوەیەو ڕێگە بە ئافرەت نادات، ئەم بڕیارەش لە لیژنەی فەتوای سەر بە وەزارەتی ئەوقافی کوەیتی وەرگیراوەو زۆربەی ئیسلامیەکانیش لەگەڵ ئەمەدابوون لەگەڵ گروپی خێڵەکان لە پەرلەمان، لە ساڵی 1999 دا بڕیارێکی ئەمیری دەرچووو، کە تیایدا ڕێگە بە ئافرەتی کوەیتی دەدات کە مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردنی هەبێت، بەڵام پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ رەفزی کرد. ئەم جەنگە درێژەی کێشا هەتا زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی گرتەوە. ئەمە بەردەوام بوو هەتا ساڵی 2005 کە پەرلەمان ڕێگەیدا ئافرەت بەشداری سیاسیی بکات و مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنی هەبێت، لەگەڵ پابەند بوون بە ئادابەکانی ئیسلام، بۆ ئەم مەبەستەش زانایان بە فەتوای شەرعی پشتیوانیان لە بڕیارەکە کرد و لە دەرەوەش بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا.

ئەم جیاوازی و بەرتەوازەییە لە فەتواکاندا (هەرچەند بمانەوێت بەڵگەی بۆ بهێنینەوە) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم بابەتە باش توێژینەوەی قوڵی لەسەر نەکراوە، بەڵکو ئەم فەتوایانە زۆرتر لەژێر کاریگەری ترادسیۆن و عورفدا بوون. لەکاتێکدا کە بارودۆخەکە گۆڕا فەتواکەش گۆڕا، هەروەها ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو فەتوایانە پێشەنگ نەبوون بەڵکو شوێنکەوتەو پەراوێز بوون، لەکاتێکدا کە دەبوایە یەکەم بوونایە نەك دووەم.

## بەرەو مەنهەجیەتێکی ورد لە توێژینەوەی ئەم بابەتەدا

ئەگەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی و ئەزموونەکانی بکەین، دەبینین کە گەورەترین گرفت و بەڵا لە شلگیری و پەڕگیریەوە سەرچاوە دەگرێت، یان دەرگا دەخەنە سەرپشت بەبێ هیچ کۆت و سنوردانانێك کە ئەمەش دەبێتە هۆی پشێویەکی هەمەلایەنە، یان دەرگاکە بە تەواوی دادەخات و بە بزمار توندی دەکات هەتا هەواشی لێوە دەرنەچێت، بەمەش هەرچی لەناویدایە دەخنکێت.

لەلایەکی تریشەوە توندڕەوی، یان شلگیری لەدوای لێکۆڵینەوەوە دەردەکەوێت، زۆربەی جاریش ئەم شتانە بەهۆی بینینی شتەکانە بە یەکچاو لەیەك بازنە یان گۆشەیەکەوە یان چەند گۆشەیەکی تایبەتیەوە سەیر دەکرێن، بەبێ ئەوەی تێڕوانینێکی کراوەو فراوان هەبێت کەهەموو شتەکان و واقیع و ئامانجەکان و هۆکارەکان ببینێت، بەمەش دەگاتە ئەنجامێکی باش کە پێی دەوترێت فیقهی واقیع یان فیقهی مآلات و سد الذرائع.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت ئەم مەنهەجیەتە رەچاو بکەین کە بە چاوێکی هەمەلایەنەو گشتگیرەوە سەیری شتەکان بکەین ئەویش لەژێر رۆشنایی ئەم خاڵانەی خوارەوە.

**یەکەم/** ئافرەت لە روانگەی مرۆڤ بوون و مافەکانی مرۆڤەوە بە تەواوی لەگەڵ پیاواندا یەکسانە. ئافرەت هەمان رێزی پیاوی هەیە ﴿**وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ**﴾[35] هەموو نێرو مێیەك دەگرێتەوە. نابێت لە رێزی کەسیان کەم

---

[35] سورة الاسراء / الآية70

بکرێتەوەو هیچ جیاوازیەکیان لە نێواندا بکرێت، دەبێت مافەکانیان پارێزراوبێت لەبەردەم دادگاو لە ئازادی فیکری و ئاینی و پەرستشەوە[36].

هەروەها لەڕووی ئەهلیەتی ماڵیەوە بە تەواو دادەنرێت، کە ئەمەش هیچ یاساو تەشریعاتێك پێی نەگەیشتووە هەتا سەدەی بیستەم[37]، هەتا لەڕووی ئەهلیەتی تاکە کەسیەوە، دەتوانێت خۆی خۆی بەشو بدات و شتی تریش، کە ئەمەش رای کۆمەڵێك لە زانایانی کۆن و نوێ چەسپاوە.

ئافرەت لە ئیسلامدا پاشکۆو پەراوێزی کەس نییە، نە لەڕووی ئاین و نەوەچەوە، هەروەها لە ئەهلیەت و سامانیدا تەنانەت بۆ پیاوەکەش، هەروەك لە رۆژئاوادا هەیە، بەڵکو بەشێکە لە تەواوکەری ژیانی مرۆڤایەتی، لەبەرئەوەیە خوای گەورە لەگەڵ پیاودا پێی دەڵێت، -زوج- کە ئەمەش لە دوو ژمارەی یەکسان پێك دێت، کە هەریەکەیان ئازادی تەواوی هەیە وەك پیاو لەروی فیکری و ئیرادەو هەڵبژاردنەکانیەوە. بەڵام ئازادیش لە ئیسلامدا بێ سنور نیە بۆ کەس، نە ژن و نەپیاو، بەڵکو بەچەند مەرجێك سنوردار کراوە کە پەیوەستە بە بەها باڵاکان و ئەخلاقی بەرز.

ئەم یەکسانیە ئیسلام بە ئافرەتی داوە بەبێ ئەوەی هیچ رێکخراوێکی ژنان یان خۆپیشاندانێك ئەنجام درابێت، ئیسلام لەکاتێکدا دانی بەوانەدا ناوە کەوا سەیری ئافرەت دەکرا شەڕێکەو پێویستە خۆمانی لێ رزگار بکەین، یان کاڵایەك بوو بە پشتاوپشت دەمایەوە، خوای گەورەش دەفەرمویت ﴿**وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ**﴾[38]، پێغەمبەری خواش لە دوایەمین وەسیەتیدا

---

(36) بگەڕێوە بۆ: تحفة الفقهاء للسمرقندي ت529هـ ، ط. قطر ( 530/3)

(37) مبدأ الرضا في العقود ، دراسة مقارنة بين الشريعة والقانون ط. دار البشائر الإسلامية 1985 بيروت ( 294/1 )

(38) سورة البقرة / الآية 228

دەفەرمویّت (ألا واستوصوا بالنساء خيراً .........)[39] بەباشی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا بکەن.

**دووەم/** ئایا ئافرەت لە هەموو شتێکدا وەك پیاو وایە؟ یان ئایا پیاو لە هەموو شتێکدا وەك ئافرەت وایە؟ وەڵامی سروشتی و راست و دروست ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرمویّت ﴿وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى﴾ ئافرەتیش وەك پیاو نیە.

ئەمە راستیەکەو کەسی خاوەن عەقڵ و رەوشت و سروشتی پاك لێی لانادات، تەنانەت لەرووی فەرمانی ئەندامەکانیشەوە (فسیۆلۆجی): لەم روانەوە جیاوازیەکان دەبینرێن:-

1- پێکهاتەی کروموسومی پیاو (x - y)یە بەڵام ئافرەت (x - x).

2- جیاوازی لە ژمارەی خانەکاندا، سپێرم سەرێکی هەڵئاوساوی هەیە کە بە بەرگێك دەورە دراوەو کلکێکی درێژی هەیە، کە توانای جوڵەی زۆرە کە یارمەتی جوڵانی سپێرمەکە دەدات بۆ شوێنی مەبەست، بەڵام هێلکە[40] ئارام و لەسەرخۆو نەبزۆکە، لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوەو چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو سپێرمە دەکات کە لە نێوان هەزارا سپێرمدا رزگاری دەبێت،

---

(39) ئەم فەرموودەیە بەم لەفزە: رواها الترمذي الحديث 1163 وقال : حديث حسن صحيح ، وابن ماجه الحديث 1851 وأحمد (72/5،73) وأما بلفظ ( استوصوا خيراً ...) فمتفق عليه ، انظر : صحيح البخاري ـ مع الفتح ـ (261/6 ، 262 ، 218/9 ، 219) ومسمل الحديث رقم

(40) بەشێوەی گشتی بە ( البويضة ) بەکاردێت، بەڵام راستیەکەی لەڕووی زمانەوانییەوە ( البييضة )يـة

**لەبەرئەوە ئەو سیفەتانەی کە هەریەکە لە سپێرم و هێلکە هەڵی دەگرێت، سیفەتەکانی کۆرپەلە لە ئایندەدا پێك دەهێنن[41].**

**3- جیاوازی لەروی پێکهاتنی شانەو ئەندامەکان، دکتۆر بار دەڵێت "ئەو جیاوازیەی لە نێوان سپێرم و هێلکەدا دەبینرێت بەهەمان شێوە لە نێوان ژن و پیاویشدا دەبینرێت، ئەمە نەك تەنها لەم روەوە بەڵکو ئەو جیاوازیە لە نێوان هەموو خانەیەکی ژن و پیاودا دەبینرێت ، ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئەم هاوسەنگیە تێك بدەین وەك لە زۆر شوێن تێکمان داوە، بەمە بەرەوڕوی ئەو سروشتە دەوەستینەوە کە خوا ئێمەی لەسەر دروست کردووە، بەرەوڕوی پێکهاتەی بایولۆژی و ئەو سایکۆلۆژیەتە دەبینەوە کە خوا ئێمەی لەسەر دروست کردووە"[42].**

**تەنانەت لەڕووی ژمارەی خانەکانی خوێنەوە ژمارەی خرۆکە سپیەکانی پیاو لە نێوان (4000 - 8000) خرۆکە / ملم3 یە بەڵام لە ئافرەتاندا (4000 - 7000) خرۆکە/ ملم3 یە.[43]**

**4- جیاوازی هۆرمۆنیو کاری کوێرە رژێنەکان، بۆنموونە پیاو گونی هەیە کە هۆڕمۆنی پیاوانە (تێستێسترۆن) دەردەکات، بەڵام لە ئافرەتاندا هێلکەدان هەیە، کە فەرمانی سەرەکی دروستکردنی هێلکەیە یان دەردانی هۆڕمۆنەکانی مێینەیە (ئیسترۆجین ، برۆجسترۆن ، ریلاکسین).**

---

(41) بگەڕێوە بۆ: الطبيب المشهور الدكتور محمد علي البار : عمل المرأة في الميزان ط. الدار السعودية للنشر والتوزيع 1407هـ ص 55 ، والشيخ عبدالمجدي الزنداني : المرأة وحقوقها السياسية في الإسلام ط. مكتبة المنار الإسلامية ، الكويت ص 7و8

(42) د. البار : سەرچاوەی پێشوو ص 73  74

(43) د. نزار فؤاد ، وعقاب العزام وزملاؤهما : الدمويات عملي ط. دار المستقبل للنشر والتوزيع 1994 ص 113-114

هۆرمۆنی ئیسترۆجین بەرپرسیارە لە زۆربوونی شانەکان و بەرپرسە لە کۆبوونەوەی چەوری لە جەستەی ئافرەت و زۆربوونی قژ لە سەری ئافرەت و کەمبوونی لە شوێنەکانی تر، لە کاتێکدا کە هۆڕمۆنی ئیسترۆجین لە پیاوادا بەرپرسیارە لە کۆبوونەوەی پروتین لە ماسولکەکان، ئەمە لەکاتێکدایە کە هۆڕمۆنەکانی پیاو زیاتر هاندەرن بۆ دەستدرێژی و توندوتیژی، بەڵام بە پێچەوانەی هۆڕمۆنەکانی ژنان کە هاندەرن بۆ سۆزو بەزەیی و نەرم و نیانی.

5- سوڕی کەوتنە سەر خوێن، کە ماوەکەی لە شەو و رۆژێکەوەیە بۆ حەوت رۆژ، کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە پێکهاتەی جەستەیی و دەرونی ئافرەتەوە هەیە، کە تیایدا ژمارەی خرۆکە سورەکان کەم دەبێتەوەو خەست بوونەوەیەکی نوێی زەرداوی خوێن دروست دەبێت، بەڵام لەکاتی ئەم سوڕەدا لەماوەی (2 - 7) رۆژدا کە زۆربەی پێنج رۆژە بەرگری لەش دادەبەزێت بەشێوەی گشتی لەگەڵ دابەزینی ژمارەی خرۆکە سپیەکان و ئاستی گواستنەوەی خوێن زیاد دەکات و بەم هۆیەشەوە توڕەبوون و شڵەژانی دەروونی دروست دەبێت و دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و سەرئێشەو لەش داهێزان و لای هەندێك ئافرەت دەبێتە هۆی شەقەسەر و کەم خوێنی، کە ئەویش بەهۆی ئەو خوێنە زۆرەی لێی دەڕوات کە رێژەکەی لە نێوان 60 ملل بۆ 240 ملل دەبێت. کوێرە رژێنەکان لەو ماوەیەدا گۆڕانکاریان تیادا رو دەدات، کە هەریەك لەمانەش کارو فرمانی تایبەتی خۆی هەیە[44]، خوای گەورەش دەفەرموێت ﴿**وَيَسْأَلونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذىً فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي**

---

(44) بگەڕێوە بۆ د. عبدالمجيد الشاعر ، ود. حسام كنعان ود. عمار الخطيب ود. عبدالقادر العكايلة : أساسيات علم وظائف الأعضاء ط. دار المستقبل ، الأردن / عمان 1993 ص 374

﴿الْمَحِيضِ﴾[45] لەبەرئەوە خوای گەورە بۆ بەدەمەوەچوونی ئەو بارەو ئاسانکردنی کارەکان نوێژ و رۆژی لەسەر هەلگرتووەو نوێژەکان ناکاتەوە، بەڵام دەبێت رۆژوەکان بگرێتەوە.

6- کاریگەری سك پڕی و منداڵبوون و شیردان:-

ئافرەتی سك پڕ بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، هەندێکجار توشی کەم خوێنی دەبێت، دڵی ئافرەتی سك پڕ دوو هێندە ئەرکەکەی زیاد دەبێت، چونکە دەبێت پاڵ بە دوو دەورەی خوێنەوە بنێت یەکێکیان بۆ دایکەکە ئەوی تر بۆ منداڵەکە، ئافرەت لەپێش سکپڕی دا نزیکەی 650 لیتر خوێن لە رۆژێکدا پاڵ دەنێت، بەڵام لەکاتی سکپڕی دا بەتایبەتی لە رۆژانی دوایدا 1500 لیتر پاڵ دەنێت، هەموو ئەوەی کە باسمان کرد لەو جیاوازیانەی کە دەبینرێت، ئەو ئایەتەمان بیر دەخاتەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْناً عَلَى وَهْنٍ﴾[46] بەڕاستی هەموو ئەرکەکان و ناڕەحەتیەکان دوو هێندە دەبنەوەو گران و قورسن، بەڵام لە حاڵەتی شیردانیدا، دایك پێویستی بە حەسانەوەو ئارامی هەیە بۆئەوەی خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ شیردان و پەروەردەی کۆرپەکەی، بەلای کەمەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ، لەبەرئەوە راپۆرتێکی رێکخراوی تەندروستی جیهانی کە ساڵی 1981 بڵاوبوەتەوە داوا لە حکومەتەکانی جیهان دەکات کە ئافرەت پێویستە لەکاتی منداڵ بووندا مۆڵەتی پێ بدرێت و لەماڵەوە بمێنێتەوە بۆ پەروەردەو شیر

---

(45) سورة البقرة / الآية222

(46) سورة لقمان/ الآية14

پێدانی منداڵەکەو پێویستە مووچەیەکیشی پێ بدرێت ئەگەر کەسێك نەبوو بەخێوی بکات و یارمەتی بدات[47].

7- جیاوازیەکی تریش هەیە کە تایبەتە بە مۆخ و بیرکردنەوە، گۆڤاری (Seientifc American) ئەمریکی لە ژمارەی مانگی 3ی ساڵی 1994 دا توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی (جیاوازی دەماغی نێوان ژن و پیاو) کە لە نووسینی دکتۆر (دورین کیمورا) کە مامۆستای بەشی دەرونناسی یە و هاورێی کۆمەڵەی پاشایەتی کەنەدیە لە ساڵی 1992، لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە زۆر ئەنجام و تاقیکردنەوە بەستووە کە لەلایەن چەند پسپۆڕێکەوە ئەنجام دراوە وەك (V.N واتسۆن) لە زانکۆی خۆرئاوای ئەبتارۆو (M. ئیك) لە زانکۆی یورك و توێژینەوەی (A.R کورسکی) و هاورێکانی لە زانکۆی کالیفۆڕنیا لە لۆس ئەنجلوس، لە کۆتایدا گەیشتۆتە ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر کە ئەمەیە (کۆکردنەوەی زانیاری و تواناکانی دەماغ لە ژن و پیاودا جیاوازن، لە پیاودا تواناکانی قسەکردن لە شوێنێکی جیاوازدایە وەك تواناکانی ئەندازیاری و فراغی کە لە هەردوو پلەکانی مۆغدا هەن...)[48].

گۆڤاری تایمی ئەمریکی لە 31/ 3/ 1995 ئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستی بڵاودەکاتەوە، کە تیایدا وێنەی دەماغی ئافرەتێکە لە کاتی قسە وتوێژکردندا، لەم کاتەدا هەردوولای مۆخ سەرقاڵن. بەکاردێن لە چارەسەری زماندا. بەڵام لەکاتێکدا کە پیاوێك قسە دەکات تەنها لایەکی مۆخ چالاکە، بەمەش زۆرتر وردترو پسپۆڕی ترە. چونکە لەکاتی قسەکردندا پشت

---

(47) هەمان سەرچاوەی پێشوو

(48) گۆڤاری العلوم الأمريكية ، مجلد 10 في مايو 1994 ص 76 وما بعدها ، بگەڕێوە بۆ : الشيخ الزنداني : سەرچاوەی پێشوو ص 15

بەلاكەی تر دەبەستێ بۆ بیرهێنانەوە، بەڵام لە ئافرەتدا هەردوو لایەكە سەرقاڵ و چالاكن[49]. ئەمەش تەعبیرە لەو نهێنیەی كە خوای گەورە باسی دەكات و دەفەرموێت ﴿**فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى**﴾[50].

## ئامانج لەوەی كە خستمانەڕوو

مەبەست لەوەی كە دەیخەینەڕوو، ئەوە نیە كە ڕێزی پیاو بدەین بەسەر ئافرەتداو پێچەوانەكەشی ڕاستە. بەڵكو دەمانەوێت بە ڕۆشنی جیاوازیە سروشتیەكان لە ڕووی پێكهاتن و جەستە و هۆرمۆن و ڕەگەزە بنچینەییەكانەوە بخەینەڕوو، كە ئەمەش كاریگەری دەبێت لەسەر كارو جێنشینی و ئاوەدانكردنەوە، كە خوای گەورە ئێمەی بۆ بەدیهێناوە، ئەویش لەدوای بەندایەتی و خواپەرستی، كە تیایدا جیاوازیەك نیە لە نێوان پیاو و ئافرەتدا، بەڵكو جیاوازیەكە لە نێوان دابەشكردنی كاردایە، ئەویش بۆ ئەنجامدانی ئاوەدانكردنەوە لەسەر زەویدا.

نە لەڕووی عەقڵ و نە لەڕووی شەرعەوە ناكرێت ئەم جیاوازیانە پشتگوێ بخەین لە بواری گەشەپێدان و ئاوەدانكردنەوەی زەویدا، كە هەموو شتەكانی ناوی لە نێر و مێ پێكدێن، ئەو نێر و مێیەش بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیە لە بوونەوەردا نەك شتێكی تر وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**وَأَلْقَيْنَا فِيهَا**

---

[49] گۆڤاری تایم الأمریكیة في 31 یولیو 1995 ص 39 ، بگەڕێوە بۆ د. البار : عمل المرأة في المیزان ، والشیخ الزنداني : سەرچاوەی پێشوو ص 14-16

[50] سورة البقرة / الآیة282

﴿رَوَاسِيَ وَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ مَوْزُونٍ﴾[51]. لێرەوە وەڵامی راستمان دەست دەکەوێت، کە چارەسەر تەنها لە پەیڕەوکردنی پڕۆگرامی میانڕەویدایە، کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی دامەزراوە (دابەشکردنی رۆڵەکان) کە پارێزگاری لە بنەمای یەکسانی دەکات و رەچاوی ئەو جیاوازیانە دەکات، هەروەها رەچاوی جوت پێگرتن و تەواوکاری دەکات بۆ گەیشتن بە دامەزراندنی خێزانێکی هاوسەنگ و کۆمەڵگەو ئوممەتێکی هاوسەنگ، لەکاتێکدا کە ئەم هاوسەنگیە دروست دەبێت لەگەڵ ئەو گەردوونەدا هاوسەنگ دەبێت کە هەموو شتێك تیایدا بە رێژەییەو رەچاوی گەورەو بچوك و سوك و قورس کراوە، هەموو شتێك لە شوێنی خۆیدا دانراوەو هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا بەسود و بەکەڵکە.

---

(51) سورة الحجر/ الآية19

## نێر و مێ، هاوسەرگیری و تەواوکاریە نەك دژایەتی و جیاخوازی و دورکەوتنەوە

پیاو و ژن قورئان بە (هاوسەر) ناویان دەبات، واتە هەردووکیان یەك پرۆژەن کە لە دوو رەگەز پێکهاتوون، هەردووکیان هاوسەگ و یەکسانن کە پێیاندەوترێت مرۆڤ، گەردوون هەمووی لە جووت پێکهاتوون، سالب و موجەب نێر و مێ، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنْفُسِهِمْ وَمِمَّا لا يَعْلَمُونَ**﴾[52].

هەموو ئەوەی لە گەردووندا هەیە جووتن، تەنها شتێك کە بە تەنها هەبێت خوایە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ**﴾[53].

هەموو ئەو جووتانە تەواوکەری یەکترن، موجەب سالب تەواو دەکات و پێچەوانەکەشی راستە، هەریەك لە ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن، هەروەك چۆن کارەبا لە بارگەی سالب و موجەب پێکدێت، ئەو روناکی و گەرمیەی کە دروستی دەکات بەهۆی هێزی هەردوو بارگەکەوەیە، هەربەو شێوەیەش مرۆڤ و خێزان و کۆمەڵگە و شارستانیەت و ئوممەت پێك دێت. لەبەرئەوە پێگەی سەرەکی پێکهاتنی ئەمانە مرۆڤن، مرۆڤیش لە ئەو دوو رەگەزە پێکدێت، کەواتە ئاوەدانکردنەوەو جێنشینی و شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەسەر دەستی ژن و پیاو دروست دەبێت. لەدوای دروستبوونی ئادەم و حەوا،

---

(52) سورة يس/ الآية 36

(53) سورة الفجر/ الآية 3

ئەو پرۆسەیەی کە مرۆڤی پێ دروست دەبێت، بریتییە لە ڕێگەی توخمە زۆر بوون، کە ئەویش بەهۆی گەیشتنی نێرە و مێیەوە دەبێت و لەئەنجامی جوت بوون و دروست بوونی گەمیتی پیتراو کۆرپەلە دروست دەبێت. کە ئەویش لەئەنجامی یەکگرتنی 23 کرۆمۆسۆمی نێرەو 23 کرۆمۆسۆمی مێیەوە دەبێت. ئەگەر سەیری ئەم پرۆسەیە بکەین هەردوولا تیایدا یەکسانن کەواتە کەسیان بۆی نییە بڵێ من لە تۆ باشترم، خوای گەورەش ڕێز و چاکە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵس و کەوت و کردەوەکانی مرۆڤ نەك شتی تر وەك دەفەرموێت ﴿**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**﴾[54]. هەروەها دەفەرموێت ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْراً مِنْهُمْ وَلا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْراً مِنْهُنَّ**﴾[55].

## ڕەزامەندی شەریعەت لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی کۆرپەلە

پیاو و ژن وەك هەموو دروست کراوەکانی تر لە گەردووندا لە ئاژەڵ و ڕووەك و بێ گیانەکان، لە دید و تێڕوانینی خوای گەورەوە بە دروستکراوی بەدیهێنەرێکی زانا و دانان ﴿**أَلا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ**﴾[56] ئەگەر دوو جەمسەری و پێکداداان و ناکۆکی نەبوایە لەم گەردوونەدا، ئایا چۆن ئەمە لە گەورەتری و بەڕێزترین دروستکراوی خۆیدا دەبوو، کە بە دەستی خۆی دروستی کردووەو بەشێك لە گیانی خۆی کردۆتە ناو و جوانترین

---

(54) سورة الحجرات / الآية 13

(55) سورة الحجرات / الآية11

(56) سورة الملك / الآية 14

وێنەو جەستەی پێداوە و زۆر لە سیفەتە جوانەکانی خۆی پێ بەخشیوە، لەبەرئەوە کێشەی نێر و مێ یان کێشەی سالب و موجەب کێشەیەکی گەردوونیە و پێویستی بە لێتێگەیشتنی زانستی و ورد هەیە و لەدوای ئەوەش لە دانایی ئەم کارە تێدەگەیت.

ئەگەر سەیری گەردوون بکەین بە هەموو دروستکراوە ئاژەڵی و روەکی و بێ گیانەکان (بێجگە لە مرۆڤ وجنۆکە) بە باشترین سیستم دەڕوات بەڕێوە، هەریەکەیان رۆڵی تایبەتی لە ژیاندا هەیە، هەربەشێك لە گەردیلەیەکەوە هەتا گەلە ئەستێرەیەك رۆڵی دیاریکراوی هەیە، خوای گەورە یاسایەکی بۆ داناوەولێی لانادات ﴿ائْتِيَا طَوْعاً أَوْ كَرْهاً قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾[57] بەهەمان شێوە خوای گەورە پەیامێکی ناردوەو دوایەمین پەیامیش شەریعەتی ئیسلامە کە تەواو بێ کەم و کوڕی و بۆ رابردوو ئایندەیە، لەسەر بنەمایەکی ورد و داهێنانکاریە، هەموو شتێك تیایدا لەسەر بنەمای هاوسەنگیە، لەم روانگەیەوە کۆمەڵگەی مسوڵمان کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگەو توانای بەدیهێنانی ئاسودەیی هەیە لە دنیاو دوارۆژداو باشترین هۆکارن بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی لەژێر رۆشنایی مەنهەج و پەیامی خوای گەورەدا.

لەژێر رۆشنایی ئەوەی کە باسمان کرد دەگەینە ئەم راستیانە:-

1- شەریعەت گونجاوە لەگەڵ گەردووندا، چەسپاوو گۆڕاوی تێدایە هەروەها شەریعەتیش گۆڕاوو چەسپاوی تێدایە، مرۆڤیش بەشێکی چەسپاوە وەك پێکهاتەو سایکۆلۆژیاو فیکری گۆڕاویشە لەڕووی توانای نوێ بوونەوە[58] هەروەها لە بابەتی ئەحکامەکانی شەریعەتیش کە تایبەتە بە ژن و پیاو ئایا

---

(57) سورة فصلت /الآية11

(58) بۆ زیاتر ئاگاداربوون بگەڕێوە بۆ: شیخنا القرضاوي : المدخل إلى الشريعة ، ط. وهبة

چۆن بەم جۆرە نابێت؟ شەریعەت لەلایەن خوای گەورەوەیە، گەردوونیش دروستکراوی خوایەو پەرتوکی خوێندراوەی خوایە دووەمیش پەرتووکی کراوەیە ﴿أَلا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾(59).

2- ژن و پیاو دوو جەستەن لە پرۆژەیەکی خوای گەورە کە مرۆڤە، ئەم دوانەییە (نێر و مێ، سالب و موجەب) لە هەموو پێکهاتەیەکی ئەم گەردوونەدا هەیە.

3- دابەشکردنی رۆڵەکان بەسەر هەریەکەیاندا، بۆ تەواوکاریە، بۆ ئەوەیە کە هەر شتێك لە شوێنی خۆیدا دابنرێت کە بە دانایی و وردی بێت.

4- دوورکەوتنەوە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ (شل گیری).

5- زیادەڕەوی نەکردن، بە زیادکردنی رۆڵێك بۆی، یان رۆڵێك بدەیت بە ئافرەت کە بە ئەو نەخوات، یان رۆڵێك بدەیت بەپیاو کە لە پسپۆڕی ئەو نەبێت، چونکە ئەمەش دەبێتە هۆی دانانی شتێك کە لە شوێنی خۆیدا نەبێت و دەبێتە مایەی تێکدانی سیستمی هاوسەنگی لە بووندا.

6- دروستکردنی هاوسەنگی لەسەر سروشتی پێکهاتەی مرۆڤ. نەك روبەڕوبوونەوەو پێکدادانی لەگەڵیدا، گونجان و هاوژیانی و هاوسەری لە نێوان هەردوو لایەنەکەی پرۆژە مرۆییەکەدا، کە هەردووکیان لەیەك رەگەزی مرۆین، لە ئادەم و حەوا، ئەمانیش لە خۆڵ دروست کراون، ئەمەش بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئارامی و خۆشی و گۆڕینەوەی سۆز و خۆشەویستی و خۆشگوزەرانیە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ

---

(59) سورة الملك / الآية 14

أَزْوَاجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾[60].

ئیسلام تاكێكی هاوسەنگ و ئارام و پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی دەوێت، خێزانێكی خۆشبەخت و ئارام و خۆشەویستی دەوێت، بەڵام كوێرانە هەندێك لە بانگخوازانی مافەكانی ئافرەت داوای جاڕدانی شەڕ دژی پیاو دەكەن، بەتایبەتیش لەلای فیمنستەكان دەگاتە چڵەپۆپەو داوای دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی ژنانی بێ پیاو دەكەن. تەنانەت هەندێكیان داوای پارچە پارچەكردن و لەناوبردنی دەكەن[61]. لەم دواییانەدا نووسەرێكی ئەمریكی بەناوی (دورسی رو) كتێبێكی نووسیوە بەناوی (دوژمن) واتە پیاو، بۆ شەرعیەت دان بەم دوژمنایەتیە دەڵێت (لەسەرەتاكانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، كاتێك كە بینی پیاو ئەو كەسایەتیە ترسناكەیە، جەستەیەكی گەورەی هەیەو هەموو جەستەی بە موو داپۆشراوەو ماسولكەی بەهێزی هەیە و لە چاویدا وێنەی دڕندەیەك بەدی دەكرێت، لێی ترسا، لێرەوە كەوتە هەڵەیەكی زۆر گەورە، لەدوای ئەوە بوە سزایەكی گەورە بۆ هەموو ژنان، چونكە ترسی ئافرەت لە پیاو وای لێكرد كە خۆی بدات بە دەستەوە، هێواش هێواش دەستی كرد بە پیاهەڵدانی بۆئەوەی لەشەڕی پارێزراوبێت بەم هۆیەشەوە پیاو هەستی بە لەخۆبایی بوون و

---

(60) سورة الروم/ الآية 21

(61) بگەڕێوە بۆ : گۆڤاری العربي / العدد 494 يناير 2000 ص 65 مقالة د. أحمد أبو زيد، ود. مثنى أمين الكردستاني : حركات تحرير المرأة من المساواة إلى الجندر ط. دار القلم بالكويت 2004 ص 149

بەهێزی کرد، دەستی کرد بە سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی، بەمەش ئافرەت بووە پەراوێزی پیاوو شوێنی کەوت)[62].

رابەری بزاڤی ژنانی بەریتانی (ئەلیزابیس ستانتون) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پیاو بە سروشتی خۆی کەسێکی دڵڕەقی خۆپەرستی توندوتیژی لەخۆباییە، حەزی لە شەڕ و توندوتیژی و کاولکاریە[63]، زۆربەی بزاڤەکانی مێینە لەسەدەی بیستدا لە رۆژئاوا هۆکاری گرفتەکانی خۆیان خستنە ئەستۆی پیاو، لەبەرامبەریشدا هەندێك لە روناکبیرە پیاوەکان وایان لە قەڵەمدا کە پیاو لە ژن بەڕێزترە و لەمەشدا زیادەڕەویان کرد، ئەمەش بوە بابەتی دەمەقاڵێ لە نێوانیاندا. بەشێك لەم گرفتانە چووە ناو خێزانەکان و کاریگەربوون پێی و کاریگەری دروست کرد لەسەر دایکایەتی و منداڵ بوون، هەندێك لەمانە تەنانەت بوونی خێزانیشیان رەتکردەوە و هەوڵی هەڵوەشانەوەیان داو لەباربردن و سێکسی ناباویان حەڵاڵ کرد و رۆڵی باوکیان لە خێزاندا نەهێشت، کەوتنە پیاهەڵدانی تاکلایەنەی یەك رەگەزو سەپاندنی هەژموونی ئافرەت لە کۆمەڵگاداو تێکدانی بواری پێکەوەژیان و سۆزو رێز لەگەڵ یەکتردا، کە ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکرد.

لەراستیدا ئەوەی کە بزاڤەکانی ژنان لە رۆژئاوا لە دوو سەدەی رابردوودا پێی هەستان و بانگەشەیان بۆکرد لە کاردانەوەی ئەو سوکایەتیە بوو کە بە ئافرەتیان دەکرد لە رۆژئاوا بەتایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست و دوایدا، هەروەك (زیغرد هونکە) دەڵێت "هەڵوێستی پیاوی ئەوروپی بۆ ئافرەت و تێڕوانینەکانی بۆی لە قاڵبی دوڕوویی و دوالیزمەیی ئارەزوبازی و

---

(62) گۆڤاری كل الأسرة ص 25 المشار إليها في د. مثنى : سەرچاوەی پێشوو ص 49

(63) سەرچاوەی پێشوو

خۆسەپاندنەوەیەو ناکۆکیش هەیە لە نێوان چەمکەکان و کردەوەکاندا"[64].

ئەمە تەنها لە بازنەی دید و تێڕوانیندا نەمایەوە بەڵکو چووە چوارچێوەی بەکارهێنانی هەموو جۆرێك لە توندوتیژی دەرونی و جەستەیی و سێکسی، لە ئەمریکا سەرژمێریەکان دەڵێن لە ساڵی 1948، (2928) حاڵەتی کوشتن لەناو یەك خێزاندا روویانداوە. سێیەکی ئەمانە لەسەر دەستی مێرد یان دۆست روویداوە. (ئۆردین و زنبیت) دەڵێن ساڵانە زیاتر لە دوو ملیۆن ئافرەت لە ئەمریکا لەلای پۆلیس سکاڵا تۆمار دەکەن لەسەر دەستدرێژی مێردەکانیان یان دۆستەکانیان، رۆژانە لە ئەمریکادا چوار ئافرەت بەهۆی لێدانی راستەوخۆوە دەکوژرێت، ساڵانە 1,5 ملیۆن ئافرەت سەردانی پزیشك دەکەن بەهۆی لێدانی پیاو یان دۆستەکانیان، ئەوەش کە ناگەیەنرێت بە پۆلیس هەست دەکرێت رێژەیەکی کەم نەبێت، لە بەریتانیاشدا رێژەی قوربانیانی ژن و دۆست لە ئافرەت دەگاتە رێژەی 50٪ی قوربانیەکان لە کەسانی کوژراو، لە هەر خولەکێکدا لە ئەمریکا ژنێك دەستدرێژی دەکرێتە سەر[65].

لەلایەکی ترەوە فەلسەفەی باوی رۆژئاوا (بەتایبەتی ئەوروپا) فەلسەفەی لیبراڵی خۆپەرستی و تاکە کەسیە، کە لەسەر بنەمای ماکیاڤیلی و بەرژەوەندی خوازیە، کە بەشێکی زۆری گەڕانە بەشوێن خۆشی و چێژ وەرگرتن لە ژیان، بۆئەم مەبەستەش ئافرەت کراوەتە کاڵایەك بۆ چێژ وەرگرتن و لەم پێناوەشدا کراوەتە رێکلامێك بۆ بازاڕ پەیداکردن.

---

(64) د. محمد رشدي عبيد عقراوي : المشاعية ، ص 7 المشار إليه في د. مثنى الكردستاني : سەرچاوەی پێشوو ص 150

(65) د. شذى سليمان : المرأة المسلمة ص 96-97 ، 115 ، بگەڕێوە بۆ : جارودي : أمريكا طليعة الانحطاط ، ترجمة صياح الجهيم ،وميشيل خوري ط. دار عطية للنشر ، لبنان 1998 ص 77 ، ود. مثنى الكردستاني : سەرچاوەی پێشوو 138

ئەوکاتەش قورِەکە خەستتر بووەوە کە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی پشتی بەست بە ململانێ و قوڵکردنەوەی گیانی ناکۆکی و دژایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا، هەتا کار گەیشتە  ئەوەی کە جەخت بکەنەوە لەسەر قوڵکردنەوەی ململانێ لەنێوان خواو مرۆڤدا، ئەفسانەیەکی یۆنانی هەیە دەڵێت "برمیسۆس ئەو کەسەبوو کە ئاگری پیرۆزی لەخوا دزی[66]" ئەم فەلسەفەیەش کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندیەکانی خێزان و کۆمەڵگە کرد، تەنانەت لە نێوان گەلانیش، مامۆستا سەعید نورسی دەڵێت "ئەم فەلسەفەیە باڵی خۆی کێشا بەسەر هەموو شتەکاندا هەتا وای لێهات دەستوری ململانێ بوە دەسەڵاتدار بەسەر هەموو دروستکراوەکان و ئەوەی راگەیاند کە ژیان هەمو دەمە قاڵێ و ململانێیە"[67].

## ئەوەی لەم مەنهەجیەتەوە بەرهەم دێت

ئەو مەنهەجەتەی کە ئیسلام دەیخاتە روو کە بیرۆکەکەی لەسەر بنەمایەکی میانرِەوی واقیعی و دوربین دامەزراوە دەبێتە هۆی گەیشتن بەسێ راستی:-

یەکەم/ یەکسانی بنەمای پەیوەندیەکانە، هەروەك ئەو ئایەتانەی کە باسمانکرد بەڵگەبوون، پێغەمبەریش (د.خ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەفەرموێت ﴿ژنان هاورِێی پیاوانن﴾[68].

---

(66) سەرچاوەی پێشوو

(67) كليات رئاسل النور : الكلمات ، ترجمة إحسان قاسم الصالحي ، نشر دار سوزلر استنابول 1992 ص 644

(68) رواه أحمد وأبو داود والترمذي

دووەم/ دادپەروەری چاودێری هەموو جیاوازییەکان دەکات لە پێکهاتندا بۆ هەردوو رەگەزەکە وەك باسمانکرد، جیاوازیەکەش بۆ جۆرایەتی و تەواوکاریە، نەك دژایەتی و ناکۆکی.

سێیەم/ جێبەجێکردنی پرۆگرامی راست کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی بنیات نرابێت، واتە کۆبوون و پێکهاتن و کرانەوەو دوربوون لە کورت بینی و بەیەکچاو سەیرکردنی دەقەکان، ئەویش لە رێگەی دابەشکردنی رۆڵە جیاوازەکانەوە دەبێت.

**یەکەم/ یەکسانی:-**

لەبەرئەوەی ژن و پیاو لەیەك رەگەزن، هەمان سیفەتی هاوبەشیان هەیە، کە سیفەتەکانیش لەگەڵ یەکتر گونجاون، بەم پێیەیش ئافرەت و پیاو وەك یەك وان لەم روانەوە:

1- یەکسانی لە مافدا، هەریەك لە ئافرەت و پیاو خاوەنی کۆمەڵێك مافی یەکسانن لە زۆر بواری ژیاندا.

2- یەکسانی لە هەموو ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە پاداشتی دوارۆژەوە لە بەهەشت و ئاگر و عەقیدەو دروشمەکان تەنها ئەوە نەبێت کە لەسەر ئافرەت سوك کراوە لە بێ نوێژی و سك پڕی و شیردان و ... هتد.

3- یەکسانی لە جێنشینی لەسەر زەویدا، ئەو ئایەتانەی قورئان کە باسی جێنشینی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی دەکەن جیاوازیان نەکردووە لە نێوان پیاو و ئافرەتدا، خوای گەورە لەم بەرپرسیارێتیە گەورەیەدا ئافرەتی جیا نەکردۆتەوە، بەڵکو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم ئەرکە گرانە کە ئاوەدانکردنەوەی زەویە بەبێ بەشداری هەردوولا نەبێ ناکرێت. خوای

گەورە دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾[69] بۆ ئەم مەبەستە زانایان لەسەر ئەوە كۆكن كە ئاڕاستەی گوتاری گشتی قورئان، كە داواكاریە بۆ شتێك گشتگیرە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، تەنانەت ئەگەر وشەكانیش بەشێوەی كۆی نێر ئاڕاستە كرابن، تەنها لەكاتێكدا نەبێت كە دەقێكی تایبەتی لەبارەیەوە هاتبێت.

ئیبن و حەزم دەڵێت: "لەبەرئەوەی كە پێغەمبەر نێردراوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەپیاو و ژنەوە بەشێوەی یەكسان، پەیامی خوای گەورەو پێغەمبەرەكەشی یەك پەیامە بۆ ژن و پیاو، كەواتە ئەوە جائیز نییە كە بڵێی ئەمە هەندێكی تایبەتە بەپیاو و ئافرەت ناگرێتەوە ئەگەر دەقێكی تایبەتی لەبارەوە نەهاتبێ، یان ڕای كۆی زانایان لەسەر بێت، چونكە ئەگەر تەنها بە ڕوكەش سەیری حوكمەكان بكەین، ئەوە جائیز نیە"[70].

لەكاتێكدا كە ژنان لە سەردەمی دابەزینی سروشدا داوایان كرد كە بەتایبەتی ناویان لە قورئاندا بهێنرێ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم داوایەیان لەدوای ئەوە چەند ئایەتێك هاتە خوارەوە كە بەتایبەت باسی ئافرەت دەكات وەك دەفەرموێت ﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾[71]، هەروەها لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێت ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِنْ

---

(69) سورة الحجرات /الآية 13)

(70) الاحكام في الاصول ط. القاهرة دار الحديث 1984 (337/3/1) بگەڕێوە بۆ : هبة رؤوف عزت : المرأة والعمل السياسي ط. المعهد العالمي للفكر الاسلامي 1995 ص 56

(71) سورة التوبة / الآية 72

**ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾**[72]، لەدوای ئەوە چیرۆکی پاشای (سبأ) هات کە باس لە دانایی و سیاسەتی ئافرەتێك دەکات، جەخت لەسەر وتەکانی دەکاتەوەو بە نەمری دەیانهێڵێتەوە **﴿قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً﴾** خوای گەورە جەخت لەسەر ئەم حیکمەتە دەکاتەوەو دەفەرموێت **﴿وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ﴾**[73].

لەو بڕوایەدام کە چەسپاندنی ئەم فەرمانە (یەکسانی جێنشینی لە بنەڕەتدا) یارمەتی زۆرمان دەدات کە لە بنەڕەتدا ڕێگە بدەین بەوەی کە ئافرەت ئەرکی جێنشینی بگرێتە ئەستۆ، ئەگەر بە دەقێکی تایبەت ڕێگەی لێ نەگیرابێت.

4- یەکسانی لە دەسەڵاتی باڵادا: ئەوەی گومانی تێدا نیە کە گەورەترین دەسەڵات بۆ خوایەو پاشان بۆ پێغەمبەرو پاشان بۆ باوەڕداران، خوای گەورە فەرزی کردووە کە دەبێت تەنها خوا بە رابەرو پێشەوا بزانین، هەروەها ئینتیما و پشتیوانی تەنها دەبێت بۆ باوەڕداران بێت، خوای گەورە دەفەرموێت **﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾**[74]. ئەوەی زانراوە کە پێشەوایەتی و رابەرایەتی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە بەتایبەتیش رابەرایەتی سیاسیی.

---

(72) سورة النحل / الآية 97

(73) سورة النمل / الآية 34

(74) سورة التوبة / الآية 71

5- یەکسانی لەبەردەم یاساو دادگادا.

6- یەکسانی لە ئازادی بیروڕاو بانگەواز بۆ خواو فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[75]، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[76]، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾[77].

7- یەکسانی لە مافە کۆمەڵایەتی و مەدەنیەکان.

8- یەکسانی ئەهلیەتی تەواو بۆ ئەنجامدانی کارو وەرگرتنی بەرپرسیارێتی، ئافرەت دەتوانێت خاوەنی سەربەخۆی دارایی بێت و مامەڵەی پێوە بکات و بەڵێننامەی دارایی ببەستێ و ... هتد[78] لەکاتێکدا کە ئەم ئەهلیەت و توانایە لەلایەن یاساکانی ڕۆمان و ڕۆژئاواییەوە دانی پێدانەنراوە، تەنها لەم

---

(75) سورة النحل/ الآية 97

(76) سورة التوبة / الآية 71

(77) سورة الأحزاب / الآية 35

(78) بگەڕێوە بۆ : د. علي القره داغي : مبدأ الرضا في العقود ط. دجار البشائرالإسلامية 1985م بيروت ( 1/297-315 )

بگەڕێوە بۆ د. هاني طيعمات : حقوق الإنسان ط. الشروق بالأردن 2001 ص 310

دواییانەدا نەبێت، بۆ نموونە یاسای فەڕەنسی لە ساڵی 1938 دا دانی پێداناوە.

9-یەکسانی لە مافەکانی دارایی دا: ئەگەر سەیری ئەو ئەرکانە بکەین کە لەسەر پیاوە لەم روانگەیەوە کە جیاوازی هەیە لە دابەشکردنی میراتدا کە ئەمەش لە جیاتی ئەوەیە کە پیاو بەرپرسی یەکەمی خەرجیەکانە لە خێزاندا، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە هەندێك شوێنی میراتدا پیاو و ژن یەکسانن لە هەندێك شوێنی تردا، بەشی ئافرەت زۆرترە لە پیاو.

10- یەکسانی لە رادەربڕین و گوێ گرتن لە راوبۆچوونەکان، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو مشت و مڕە بوو کەرویدا لە نێوان خەنسای کچی خوزای ئەنساری لەگەڵ پێغەمبەردا، خەنسا بە پێغەمبەری وت "باوکم مارەی کردووم لە کوڕی مامەکەم بەبێ رەزامەندی خۆم" پێغەمبەری خوا ئەو کارەی گەڕاندەوە بۆخۆی، وتی ئەوە ئازادی خۆتە بڕیاری لێ بدەیت. لەکاتێکدا کە زانی ئەوە مافی خۆیەتی، وتی رازیم بەوەی باوکم کردیەتی، بەڵام ویستم بزانم ئایا ئافرەتان هیچ رایەکیان لەمەدا هەیە؟ لە ریوایەتێکی تردا کە ئیبن ماجە کە حافزی هەیسەمی بەڕاستی وتوویەتی:- "بەڵام ویستم کە ژنان ئەوە بزانن کە باوکان ناتوانن کچەکانیان بەزۆر بەشوو بدەن"[79]

لەبواری خێزان و ژن و مێردایەتیشدا خوای گەورە فەرمانیان پێ دەکات کە کاروبارەکانی خێزان بە راوێژکردن و رازی بوونی هەردوولا بەڕێوەبەرن، خوای گەورە دەفەرمویێت﴿**فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلا جُنَاحَ**

(79) بگەڕێوە بۆ : سسن ابن ماجه ، كتاب النكاح ( 1/ 602) وسنن النسائي ، كتاب النكاح (71/6) وسنن أبي داود ـ مع عون المعبود ـ ( 120/6) ومسند أحمد (136/6)

عَلَيْهِمَا﴾[80]، بۆ زانیاریش كه وشەی (تراض) و (تشاور) لەڕووی ڕێزمانیەوە مانای بەشداری یەكسانی دوولایەنەیە، ئەمەش بەڕای زانایان له بواری زماندا بەوجۆرەیە، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كه رای یەكێكیان یەكسانە بەڕای ئەویتر، واتە یەكێكیان بەهێزتر نییە لە ئەویتر یان زیادەی نیە بەسەر ئەویتردا، رای ئافرەتێك لە مەسەلەی خێزاندا یەكسانە بەڕای پیاو لەو شوێنەدا، واتە كەسیان لە كەسیان زیاتر نیە تەنها بە ڕێكەوتن نەبێت، هەروەها چیرۆكی ئەو ژنەی كه لەبەردەم عومەردا وەستایەوەو ناڕەزایی دەربڕی لە دیاریكردنی مارەیی دا. ئافرەتەكە پێی وت "ئەوە تۆ چی دەكەیت" عومەر وتی "بۆچی؟" ئافرەتەكە وتی "خوای گەورە دەفەرموێت"﴿وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَاراً فَلا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئاً﴾[81] عومەر لە بۆچوونەكەی پەشیمان بووەوەو وتی "سوپاس بۆ خوا هەموو كەس لە عومەر شارەزاترن"[82]

**دووەم/ نایەكسانی لە هەندێك كاردا (جیاوازی بۆ جۆراوجۆری نەك جیاوازی دژایەتی)**

لەبەرئەوەی ئافرەت لە پیاو جیاوازە لەڕووی پێكهاتن و دروست بوون و هۆرمۆنات وەك باسمانكرد پێویستە ئەم جیاوازیە ببێتە هۆكاری جۆراوجۆر نەك دژایەتی و ناكۆكی و هۆكاربێت بۆ دابەشكردنی رۆڵ. ئەم جیاوازیەش كاریگەری دەبێت بۆ دابەشكردنی هەندێك كار بەسەر هەردوو رەگەزەكەدا،

---

(80) سورة البقرة / الآية233

(81) سورة النساء / الآية20

(82) الأثر رواه البيهقي في السنن الكبرى ، كتاب الصداق ( 233/4 )

چونکە هەندێك کار لەگەڵ سروشتی یەکێکیاندا ناگونجێت بەتایبەتی لە بابەتی مافە سیاسیەکان کە بابەتی ئەم توێژینەوەیەی ئێمەیە.

## مافی ئافرەت لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی گشتی ( پۆستە بالاّکان )

ولایەت لە زمانی عەرەبیدا بەمانای الإمارة: رابەرایەتی بە (فتح) مانای سەرخستن و رەچەڵەك و بنەچەو خزمایەتی و هتد[83]

ولایەت لە دیدگای زانایانەوە دوو مانای هەیە:

**جۆری یەکەم/** رابەرایەتی گشتی، دادوەر (ابو یەعلی) دەیکات بە چوار بەشەوە:-

1- رابەرایەتی گشتی لە کارە گشتیەکاندا وەك خەلافەت (یان سەرۆکایەتی دەوڵەت لەژێر هەر ناوێکدا بێت) یان وەزارەت.

2- رابەرایەتی لە کارە تایبەتیەکاندا وەك سەرۆکایەتی هەرێم.

3- رابەرایەتی تایبەت لە کاروبارە گشتییەکانی وەك (دادگای بالاّ، سەرۆکایەتی سوپا، پاراستنی سنور، باج گر ، وەرگری خێر).

---

(83) بۆ زیاتر شارەزابوون لەرووی زمانەوانیەوە بگەڕێوە بۆ : لسان العرب ، والقاموس المحیط ، والمعجم الوسیط مادة ( ولي ) ولم یفرق بعض اللغویین بین کسرها وفتحها

4- رابەرایەتی تایبەتی لە کاروباری تایبەت وەك دادوەری وڵات، یان هەرێم ... هتد[84].

هەندێك لە زانایانی هاوچەرخ بەوە راڤەی دەکەن کەهەموو ئەوکاروبارانەو بەرپرسیاریەتیانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی هەرسێ دەسەڵاتی (یاسا دانان و جێبەجێ کردن و دادوەری)دا هەن[85]

**جۆری دووەم/** رابەرایەتی تایبەت لە بواری جێبەجێکردنی بەڵێننامەکان کە بەوە پێناسەیان کردووە کە (جێبەجێکردنی وتەیەکە بەسەر ئەوانی تردا)[86] لێرەدا ئەمە مەبەستی ئێمە نیەو لە دەرەوەی بابەتەکەماندایە.

زانایان رای جیاوازیان هەیە لەسەر گونجانی ئافرەت بۆ وەرگرتنی رابەرایەتی گشتی و دەبن بەسێ کۆمەڵە:-

1- بۆچوونی یەکەم/ رێگرتن بە تەواوی

2- بۆچوونی دووەم/ رێگەدان بە تەواوی

3- بۆچوونی سێهەم/ رونکردنەوە

ئێمە لێرەدا ئەم سێ بۆچوونە دەهێنین لەگەڵ بەڵگەو رونکردنەوەی باشترینیان بە کورتی.

**بۆچوونی یەکەم/** رێگرتن بە تەواوی، ئەمە بۆچوونی زۆرینەی زانایانە لەهەر چوار مەزهەبەکە تەنها کەمێك نەبێت کە رایان جیاوازەو ئەمەش

---

(84) الاحكام السلطانية لأبي يعلى ط. مصطفى الحلبي 1966 بالقاهرة ص 28 دواتر بگەڕێوە بۆ : الاحكام السطانية للماوردي ط. التوفيقية بالقاهرة ص31

(85) الشيخ عبدالمجيد الزنداني : سەرچاوەی پێشوو ص 56 و سەرچاوە نوێیەکان

(86) حاشية ابن عابدين ( 25/3)

لەگەڵ سێهەم گروپدا باس دەکەین ئەم بۆچوونە بۆچوونی کۆمەڵێکیشە لە زانا هاوچەرخەکان.

ئەمانە بە قورئان و فەرمووودەو رای زۆرینەو پێوانەو سد الذرائع...

**یەکەم/ قورئان بە کۆمەڵێك ئایەت بەڵگە دەهێنێتەوە:**

أ- خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ**﴾[87] تەبەری دەڵێت لە زەیدی کوڕی ئەسلەم کە دەڵێت (**وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ**): إمارە[88]، واتە سەرۆکایەتی، هەر بەمشێوەیە کۆمەڵێك لە راڤەکاران راڤەیان بۆ کردووە[89].

ب- خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ**﴾[90]، ئەو راڤەکارانە لەو بڕوایەدان کە ئەم ئایەتە هێز دەخاتە پاڵ پیاو و لە ئافرەتی دەستێنێتەوە، ئەمەش رێسایەکی گشتیە، ئەم رێبەرایەتییە خێزان و دەرەوەی خێزانیش دەگرێتەوە[91]، مامۆستا مەودودی دەڵێت "ئەم دەقە یەکلا کەرەوەیەو رێگە دەگرێت لەوەی کە پۆستە بالاَکان لە دەوڵەتدا سەرۆکایەتی بێت یان ئەندامی ئەنجوومەنی شورا بێت، نادرێت بە ئافرەت"[92]

---

(87) سورة البقرة / الآية228

(88) تفسير الطبري ( 275/2)

(89) بگەڕێوە بۆ : التفسير الكبير للرازي ( 81/3) وتفسير ابن كثير ( 278/1)

(90) سورة النساء / الآية34

(91) بگەڕێوە بۆ : تفسير الكشاف للزمخشري (217/1)وتفسير القرطبي ( 169/5) وتفسير ابن كثير (432/1 )

(92) ترجمان القرآن ، في تفسير هذه الآية

ج- خوای گەورە دەفەرمویت ﴿وَلا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ﴾[93] ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە ڕێزی هەندێکی وەك پیاوی داوە بەسەر هەندێکی تری وەك ژن لە هەندێك کاروباردا وەك میرات و شتی تر[94].

د- خوای گەورە دەفەرمویت ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ﴾[95] ئەم ئایەتە فەرمان دەکات بە ژنان کە لە ماڵەوە بمێننەوە، ئەمەش پێچەوانەی ڕێگەدانە بەوەی کە ئافرەت پۆستە گشتیەکان وەربگرێت.

## دووەم/ بەڵگە لە فەرموودەی پیرۆز:

ئەو فەرموودەیەی کە بە بەهێزترین و ڕۆشنترین بەڵگەی لە قەڵەم دەدەن، ئەوەیە کە لە بوخاری و کەسانی تر کە لە ئەبو بەکرەوە دەگێڕنەوە دەڵێت: لەکاتێکدا کە هەواڵی ئەوە بە پێغەمبەری خوا گەیشت کە خەڵکی وڵاتی فارس ئافرەتێکیان کردووە بە پاشای خۆیان فەرمووی (گەلێك بەختەوەر نابن ئافرەتێك سەرکردایەتیان بکات)[96]. خەتابی دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەڵێت: "نابێت ئافرەت سەرکردایەتی و دادوەری بەدەستەوە بگرێت"[97]، صەنعانی دەڵێت "ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەت

---

(93) سورة النساء / الآية32

(94) تفسير الطبري ( 30/5 )وتفسير الماوردي ( 477/1 )

(95) سورة الأحزاب / الآية33

(96) صحيح البخاري ـ مع الفتح ـ كتاب المغازي ( 126/8-129)

(97) فتح الباري (128/8) وقد عقب ابن حجر على هذ التعميم

**شایەنی رابەرایەتی نییە"[98]، فەرموودەکە بە چەمکی جیاواز هاتووە (کەسێك بەختەوەر نابێت سەرکردایەتیان بدەنە دەست ئافرەتێك)[99] لە ریوایەتێکی تردا دەڵێت: "نە لە رابردوو و نە لە ئێستا و نە لە داهاتوو گەلێك بەختەوەر نابن ئافرەتێك سەرۆکایەتیان بکات"[100].**

**ئەوەی جەخت لەسەر ئەم مانایە دەکاتەوە ئەوەیە کە گێڕەرەوەی ئەم فەرموودەیە کە (أبا بکرە)یە ئەوکاتە ئەوەی وتووە کە لە شەڕی جومەلدا داوایان لێکردووە پەیوەندی بکات بە سوپاکەی عائیشەوە، دەڵێت: "لەکاتێکدا کە لە شەڕی جومەل داوایان لێکردم بچمە پاڵ سوپاکەیان و لە پاڵیاندا شەڕ بکەم، بەڵام لەخوای گەورە سودمەندبووم بەو وشەیەی کە لە پێغەمبەرەوە بیستبووم"[101].**

**ئەوانەی کە رێگربوون زۆر درێژەیان بە راڤەکردنی فەرموودەکان دەداو زۆر بەڵگەیان هێناوەتەوە کە بە هیچ شێوەیەك رێگەیان نەداوە ئافرەت رێبەرایەتی و سەرکردایەتی وەربگرێت چ لە بواری گشتی دا یێت یان لە بواری تایبەت[102]. تەنانەت بەڵگەیان بەزۆر فەرموودە هێناوەتەوە کە لەڕووی دەقەوە پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە[103].**

## سێیەم/ رای گشتی زانایان (الاجماع)

---

[98] سبل السلام ط. مكتبة عاطف (1496/4)

[99] رواه أحمد في مسنده ( 47/5)

[100] مسند أحمد ( 38/5 ، 43 ، 50 ، 51 )

[101] صحيح البخاري ـ مع الفتح ـ ( 126/8)

[102] بگەڕێوە بۆ: الشيخ الزنداني : سەرچاوەی پێشوو ص 70-79 وغيره

[103] هەمان سەرچاوەی پێشوو

بەڕای زۆرینەی زانایان وای لە قەڵەم دەدەن کە ئافرەت ناشێت بۆ رابەرایەتی گشتی، لەم بارەوە ئیبن قودامە دەڵێت "ناشێت بۆ رێبەرایەتی پۆستی باڵا یان بۆ سەرۆکایەتی وڵات، چونکە پێغەمبەری خوا کەسی ئافرەتی دانەناوە بۆ ئەم پۆستانەو هیچ یەك لە خەلیفەکان ئەم کارەیان نەکردووە، ئەوانەش لە دوای ئەوان هاتوون بەهەمان شێوە، نەمانبیستووە دادوەری یان سەرۆکایەتی بدەن بە ئافرەت، ئەگەر ئەوە جائیز بوایە ئەو زەمەنە زۆرە بەتاڵ نەدەبو لەو حاڵەتە"[104].

بۆ ئەو مەبەستەش شێخ عبدالمجيد زەنەدانی جەخت دەکاتەوەو بەڵگە بەوە دەهێنێتەوە کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی "هەرکەسێك شتێك دابهێنێت کە ئێمە نەمانکردبێت ئەوە رەتکراوەتەوە"[105]، بەڵام ئەم فەرموودەیە تایبەتە بە عیبادەتەکانەوە کە مامەڵە لە گیاندا پابەندبوونە بەو شێوازەی کە دیاریکراوە بەڵام مامەڵەو هەڵس و کەوت لە بنچینەدا حەڵاڵ بوونە[106].

## چوارەم/ پێوانە (قیاس)/ واتە قیاسی ولایەت بەکراوەیی

## پێنجەم/ بەرژەوەندی

---

(104) المغني ـ مع الشرح الكبير ـ ط. دار الكتب العلمية / بيروت ( 380/11)

(105) الحديث رواه البخاري في صحيحه ، كتاب الصلح ـ مع فتح الباري ـ ( 301/5 ، 355/4 ، 317/13) ومسلم في صحيحه (1343/3)

(106) بگەڕێوە بۆ : مبدأ الرضا في العقود ( 1159/1 وما بعدها )

**مەرجی یەكەم لە ڕێبەرایەتی گشتی لێهاتوویی و پسپۆڕی و تواناو هێزەو ئەمانەش لە ئافرەتدا لاوازن.**

**شەشەم/ (سد الذرائع)**

**وەرگرتنی پۆستی باڵا لەلایەن ئافرەتەوە دەبێتە هۆی بەدڕەوشتی و ئەنجامدانی تاوان و پێشێلكردنی دەقە شەرعیەكان و دروست بوونی مانەوە بە تەنیاو خراپەكاری، هەروەها دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی ڕۆڵە سەرەكیەكەی كە بریتییە لە پەروەردەكردنی منداڵ**[107]

## بۆچوونی دووەم/

**ئەوانەی كە بەشێوەیەكی تەواو ڕێگە دەدەن بە ڕێبەرایەتی ئافرەت و ولایەتی گشتی، ئەمەش بۆچوونی گروپی (الشبیبة) بوو لە خەواریج، هەتا حوكمی (غزالە)یان گرتە دەست و كردیان بە ڕابەری خۆیان لەدوای مردنی (شبیب)، لەكاتێكدا كە چوونە ناو كوفە چونە مزگەوتی گەورەی شارەكەو لەسەر مینبەر وتاری هەینی خوێندەوە**[108]**، ئەمەش ڕای هەندێك لە**

---

(107) بگەڕێوە بۆ : الشیخ الزنداني : سەرچاوەی پێشوو 94-96

(108) شەبیبی كوڕی یەزید لە سەردەمی خەلافەتی عەبدولمەلیك دا ژیاوە، فیتنەكەی چوار ساڵ مایەوەو دوایی بە دەستی حەجاج لەناوبرا ، یەكێك بوو لە سوارچاكان و زمان زانەكان ، لەگەڵ 100 كەس لە خەوار یجەكان ڕۆڵێكی گرنگی هەبوو لە دەستبە سەردا گرتنی كوفەدا و چەندان جار حەجاج لە بەردەمی دا شكستی خواردووە.

نوێخوازەکانی وەك د. عبدالمجید المتولی و ظافر القاسمی و زینب غەزالی بوو کە ڕێگەیان دابوو بە بەدەستەوەگرتنی سەرۆك وەزیران لەلایەن ئافرەتەوە بەڵام بەبێ سەرۆکی دەوڵەت[109]، بەلگەشیان بەمشێوەیە دەهێنایەوە.

یەکەم/ قورئان: چەند ئایەتێك هاتوون ڕێبەرایەتی دەچەسپێنێت بەشێوەیەکی گشتی..

أ- خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ** .....﴾[110]

ب- خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ**﴾[111] مامۆستا محمد عبدالله العربی دەڵێت: "گروپێك لە گەل دیاری نەکراوە بۆئەوەی پێداویستیەکانی شورا جێبەجێ بکەن"[112].

ج- چیرۆکی ژنە پاشای (سبأ)، خوای گەورە لە قورئاندا باسی دەکات و ڕۆڵی ئەم ئافرەتە بەرز دەنرخێنێت کە خاوەن عەقڵ و دانایی بوەو دێوەزمەی ترسی لە گەلەکەی دورخستۆتەوە بەوپەڕی ئازایەتی و بڕوا بەخۆبوونەوە باوەڕدار بوونی خۆی ڕاگەیاندووە ﴿**وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ**﴾[113] لەبەر خاتری سولەیمان باوەڕی نەهێناوە، بەڵکو خۆی وەك یەکێك لە ئەو زانیوە.

---

انظر : الفرق بين الفرق ص 110  111 ووفيات الأعيان (454/2)

(109) د. عبدالحميد متولي : مبادئ نظام الحكم في الاسلام ص 443- 444 ، وظافر القاسمي : نظام الحكم في الشريعة والتأريخ ص 242 ، وزينب الغزالي : هموم المرأة المسلمة والداعية ط. دار الاعتصام القاهرة ص 242

(110) سورة التوبة / الآية71

(111) سورة الشورى / الآية38

(112) نظام الحكم في الاسلام ص 84

(113) سورة النمل / الآية44

د- ئەو ئایەتانەی باس لە بەیعەت دان بە پێغەمبەر دەکەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ...﴾[114].

**دووەم/ ژیاننامەی پێغەمبەر:-**

چەند فەرموودەیەك هەن كە باس لە جائیزبوونی ڕێبەرایەتی و ولایەتی ئافرەت دەکەن لەوانەش.

1- فەرموودەی خەنسای ئەنساری کە لە رابردوودا باسمان کرد بەڵگەی تەواوە لەسەر جائیزبوونی ڕێبەرایەتی ئافرەت.

2- ژیاننامەی پێغەمبەر، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتان بەشداریان کردووە لە بەیعەت دان بە پێغەمبەر لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامی و بیرکردنەوە لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، پاشان بەیعەدان بە پێغەمبەر، ژنان بەشداریان کردووە لە بەیعەی عەقەبە، ئیمامی ئەحمەد بە پشت بەستن بە فەرموودەیەك لە جابرەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "پێغەمبەری خوا بۆ ماوەی 10 ساڵ لە مەککەدا مایەوە، سەردانی ماڵەکانی دەکرد و عوکازو موناو مەجبە پێی دەوتن، کێ پەنام دەداو کێ هاوکاریم دەکات بۆئەوەی ئەم پەیامەی خوای گەورە بگەیەنم پاداشتەکەی بەهەشتە، لەدوای ئەوە حەفتا پیاو و دوو ئافرەت سەردانمان کرد و بەڵێنمان پێدا کە لە دۆڵی عەقەبە لەگەڵیدا کۆببینەوە، ئەوەبوو پەیمانی عەقەبەمان بەست. لەوکاتەدا پێمان وت ئەی پێغەمبەری خوا لە سەر چی پەیمانت پێ ببەخشین، ئەویش فەرمووی "لەسەر گوێ رایەڵی و فەرمانبەرداری لەکاتی چالاکی و سستی و ملکەچی لە خۆشی و ناخۆشیدا، لەسەر فەرمان بە چاکە

---

[114] سورة الممتحنة / الآية12

**و ڕێگرتن له خراپه، قسەی ڕاست بڵێین لەبەر خواو لەسەر قسەو قسەڵۆك کەس نەکوژن، ئەگەر داوام لێکردن پشتیوانیم بکەن وە ڕێگەم لێ بگرن له کاری خراپه وەك چۆن ڕێگه دەگرن له خۆتان و ژن و منداڵەکانتان، بەمەش پاداشتی بەهەشتان دەست دەکەوێت"ئێمەش هەستاینه سەر پێ و پەیمانمان پێ دا"(115). حافزی کوڕی حەجەر له ئیبن هیشامەوە دەگێڕێتەوە که "دوو ژنمان لەگەڵ بوو لەو پەیمانەدا ئەوانیش بەیعەتیان دا بەڵام بەبێ ئەوەی تەوقه بکەن"(116). بەیعەت دانی ژن به پێغەمبەری خوا شتێکی ڕوونەو له فەرموودەکانی بوخاری و موسلیم دا شتێکی چەسپاوە(117). کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەریش باس لەوە دەکەن که نوسەیبەی کچی کەعب بەیعەتی به پێغەمبەر داوە لەسەر تێکۆشان له ڕێگەی خوادا له بەیعەی عەقەبەی دووەمدا، له شەڕی ئوحود و ڕۆژی یەمامە و شەڕی خەیبەر بەشداری کردووە، هەروەها له بەیعەی (رضوان)دا بەشداریکردووە که هاوەڵان پەیمانیان به پێغەمبەر دا لەسەر مردن(118).**

**ئەم بەیعەتە بەیعەتێکی سیاسی بوو، به تەواوی مانا ژنان تیایدا بەشداریان کرد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی که ژنان ئەو مافەیان هەیە، بەڵام بەیعەتی ژنان به تەوقەکردن نەبووەو به قسە بووە، دەستیان بەر دەستی**

---

(115) رواه أحمد في مسنده ( 322/3) قال في الفتح ( 219/7-223) إسناده حسن ، وصححه الحاكم

(116) الاصابة ( 479/4)

(117) صحيح البخاري ـ مع الفتح ) (265/10)

(118) البداية والنهاية لابن كثير ط. مكتبة المعارف ( 3/ 168 ، 34/4) وامتاع الاسماع للمقريزي ط. دار الانصار 1981 ( 131/1 ، 223 ، 246) وأسد الغابة في معرفة الصحابة ط. دار الشعب (317/7) وهبة رؤوف عزت : سەرچاوەی پێشوو ص 125

کەس نەکەوتووە. مامۆستا (ئەبو شوقە) دەڵێت[119]: بەیعەت دانی ئافرەتان بە پێغەمبەر (د.خ) چەند دەلالەتێکی هەیە:

یەکەم/ سەربەخۆبوونی کەسایەتی ئافرەت.

دووەم/ بەیعەت دانی ئافرەتان بە پێغەمبەر لەسەر دوو بنەما بووە: یەکەمیان بە سیفەتی ئەوەی کە پێغەمبەر بانگخوازو راگەیەنەری پەیامەکەیە، دووەمیان بە سیفەتی ئەوەی پێشەوای مسوڵمانانە. ئەوەش کە مانای دووەم پشتڕاست دەکاتەوە، فەرموودەی خوایە کە دەفەرموێت ﴿**ولا يعصينك في معروف**﴾ و فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر گوێڕایەڵی ئەمیر کە دەفەرموێت (**إنما الطاعة في المعروف**)[120] واتە گوێڕایەڵی لە کاری چاکەدا.

3- راوێژکردنی پێغەمبەر بە (أم سلمه) هەروەك پێشتر باسمان کرد.

4- رازی بوونی پێغەمبەر (د.خ) بە ئەسمائی کچی یەزید کە نوێنەرایەتی ئافرەتان بکات، ئەسماء وتی "من نێردراوی کۆمەڵێك ئافرەتی مسوڵمانم و من چی بڵێم ئەوانیش وا دەڵێن..."[121] مەبەست لەمە ئەوەیە کە ئافرەتێك نوێنەرایەتی کۆمەڵێکی کردووە، ئەمەش مانای شەرعیەتی ئەو سەندیکایانەیە کە بەرگری لە مافەکانیان دەکەن لەبەرامبەر پیاوانی مسوڵماندا.

5- راوێژکردنی پێغەمبەر بە ژن بەشێوەیەکی گشتی، لە (عیون الأخباری) ئیبنو قوتەیبیە لە زیادەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: "حەمادی کوڕی زەید لە

---

(119) تحرير المرأة في عصر الرسالة (425/2 ـ 426)

(120) رواه البخاري ـ مع التفح ـ ( 233/13 ) ومسلم ـ مع النووي ـ ( 15/6)

(121) كنز العمال ( 411/16) الحديث 45157 وقال : ( رواه

هیشامەوەو ئەویش لە حەسەنەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەر تەنانەت ڕاوێژی بە ژنانیش کردووەو ڕایەکانی لێ وەردەگرتن"[122].

6- بەهەمان شێوە لە ژیاننامەی خولەفای ڕاشیدین، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف لە کێشەی عوسمان و عەلیدا پرسی بە هەمووکەس کردووە تەنانەت ئافرەتانی قەیرەش[123].

## بۆچوونی سێیەم/ ئەوانەی بە ڕوونکردنەوە بەڵگە دەهێننەوە

ئەمانە لە جۆری ڕوونکردنەوەو بەڵگەکانیاندا جیاوازن ئەم شێوەیە:

یەکەم/ ئیبن و جەریری تەبەری و ئیبن و حەزمی زاهری دەڵێن: "جائیزە ئافرەت سەرۆکایەتی دادگا وەربگرێت" ئەوەی لە بۆچوونەکانیانەوە دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئەوان بڕوایان بەوە نییە کە سەرۆکایەتی باڵای (وەك خەلیفەی مسوڵمانان یان سەرۆکی دەوڵەت) وەربگرن.

---

(122) عیون الأخبار ( 82/1)

(123) بۆ زیاتر ئاشنابوون بە فیقهی ڕاوێژکردن بە ژنان لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین دا بگەڕێوە بۆ : د.

توفیق الشاوي : فقه الشورى والاستشارة ط. دار الوفاء 1415 ، ود. محمود بلتاجي : مكانة المرأة في القرآن الكريم والسنة ط. دار

الاعتصام ط. دار السلام ص 279 وما بعدها

دووەم/ حەنەفیەکان بڕوایان وایە جائیزە سەرۆکایەتی دادگا وەربگرێت، ئەگەر بە فەرمانێك لەلایەن دەسەڵاتی باڵاوە بۆی دەرچێت، بەڵام ناتوانێت لە مەسەلەی تاوانەکان و حدود دەسەڵات وەربگرێت.

سێیەم/ زەفەر و مالیکی بڕوایات بەوە هەیە کە لە دادگادا دەسەڵات وەربگیرێت کەی شایەتیدان تیایدا جائیزە.

چوارەم/ کۆمەڵێك لە زانایانی هاوچەرج لەوانەش شێخ محمد غەزالی و دکتۆر یوسف قەرزاوی لەو بڕوایەدان کە ئافرەت دەتوانێت هەموو پۆستە باڵاکان وەربگرێت تەنها ئیمامەتی گەورە نەبێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەموو مەرجەکانی تێدابێت لەڕووی شەرعیەوەو ئەمەش دەبێتە هۆی کاریگەری خراپ لەسەر خێزان و شتی تر، ئەمانە پشتیان بەستووە بە هەموو بەڵگەکانی دوو بۆچوونەکەی پێشوو، وەڵامی هەموو ئەوەی پێشوویان داوەتەوە لەبەرامبەر فەرموودەی (**لن یفلح قوم.....**) دەڵێت تەنها مەبەست لێی ئیمامەتی گەورەیە.

## گفتوگۆ لەسەر بەڵگەکان:

دەکرێت گفتوگۆ لەسەر بەڵگەی ئەوانە بکەین کە رێگە نادەن ئافرەت هیچ پۆستێکی سیاسیی وەربگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە.

یەکەم/ خوای گەورە کە دەفەرمویێت ﴿**وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ**﴾[124] مانای وانیە کە بەهیچ شێوەیەك رێگە نەدرێت ئافرەت رێبەرایەتی وەربگرێت،

---

(124) سورة البقرة من الآية 228

چونکە لە ئایەتەکەدا تەڵاق و گەڕانەوە بەدەستی خۆیەتی، چونکە ئایەتەکە لە سەرەتادا باس لە تەڵاق و پەشیمان بوونەوە دەکات و دەفەرموێت ﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلاثَةَ قُرُوءٍ وَلا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلاحاً وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[125] یان باس لە بەهێزی دەکات لەناو خێزانداو هەر خۆیشی تەفسیری دەکات کە دەفەرموێت ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيّاً كَبِيراً﴾[126] لەڕووی بەڕێوەبردنی ماڵ و سەرپەرشتی کردن، کە ماڵ پێویستی پێیەتی کە پێویستە بەڕێوەبەرو سەرکردەیەکی هەبێت، هەموو ئەو ئایەتانە باس کردنە لە خێزان و بەڕێوەبردن و خەرجی بۆیان، ئەم ئایەتە مەبەست لێی ڕێگەپێدانی تەواو نیە، چونکە هەموو پیاوێك توانای بەڕێوەبردنی هەموو ئافرەتێکی نیە، ئەمەبەست نیە لەم ئایەتەدا، پیاوێکی بێگانە دەسەڵاتی بەسەر ژنێکی بێگانەدا نیە. ئەم ڕێبەرایەتیە بەم ئەسڵە دەست پێدەکات ئەوەیە کە بەڕێوەبردنی ماڵ بەدەستی پیاوە، چونکە توانای ئەوەی هەیەو خەرجی بەدەستە، هەمان ئایەت باس لە ژنی چاکیش دەکات، هەروەها ژنی سەرپێچیکاریش.. لە هەمانکاتدا ئەم سەرۆکایەتیە سەرۆکایەتی خۆسەپاندن و دیکتاتۆری نیە، بەڵکو سەرکردایەتی راوێژ و رەزامەندیە، واتە

(125) سورة البقرة / الاية 228

(126) سورة النساء/ الآية 34

پێکەوەژیانی چاکەکاریە، لەبەرئەوە لەکاتێکدا کە پیاوەکە شکست بخوات لە بەڕێوەبردنی ئەم پۆستەدا لێی وەردەگیرێتەوە.

لەبەرئەوە ئەم ئایەتە تەنها باسکردنە لە بەڕێوەبەرێتی پیاو لە کاروباری ماڵدا، لەم کاتەشدا تەڵاق و گەڕانەوە هەردووك بەدەستی خۆیەتی، هێز لە ئایەتەکەدا مانای بەڕێوەبردنی ماڵ دەگەیەنێت، هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتی ﴿**الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ** ...﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەم تایبەتمەندیە[127]، لەبەرئەوە عیبرەت بە گشتاندنی وتەکەیە نەك بەتایبەتمەنکردنی هۆکارەکە، هۆکارەکە لەلای زۆرینەی زانایان[128]، بەڵام ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەم ئایەتە کردووە دەڵێن شتە گشتییەکان تایبەت دەکرێن بە نزیکیەن لەوانەش سیاقی دەقەکە، لە کتێبی (بحر المحیط)ی زەرکەشیدا هاتووە (شێخ تقی الدین) لە راڤەی (الالمام) دەڵێت "هەندێك لە زانایانی گەورەی ئوصول لەو بڕوایەدان کە گشت تایبەت دەکرێن بە نزیکی و دەبێت (وتوێژی خەڵکی لەگەڵ یەکتر ئەوە نیشان دەدات کە گشتییەکە کاریگەری نامێنێت ئەویش بە پشت بەستن بە نزیکیەك کە لەناو دەقەکەدا هەیە)"[129] ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەمکە گشتییەکەی ئەم بەهێزیە لەناو خێزاندا ماوەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر پیاوێك دەستبەرداری ئەم مافە ببێت لە ماڵداو

---

(127) بۆ هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە بگەڕێوە بۆ: تفسير الرازي ( 88/2)

(128) التحصیل ( 344/1 ) وشرح جمكع الجوامع ( 413/1) والكوكب المنير ( 136/3)

(129) البحر المحيط ، ط. وزارة الأوقاف الكويتية الطبعة الثانية 1413هـ ( 380/3)

تەنانەت مافی تەڵاقیش بداتە خێزانەکەی ئەمە جائیزە بەڕای زۆرینەی زانایان.[130]

دووەم/ئایەتی ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ ....﴾[131] بەم شێوەیە وەڵام دەدرێتەوە:

أ- ئەم ئایەتە روو لە خێزانی پێغەمبەر دەکات، چونکە ئایەتەکە بەمشێوەیە دەست پێدەکات ﴿يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِنَ النِّسَاءِ إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلاً مَعْرُوفاً﴾[132] ئەم ئایەتە تایبەتە بە ژنانی پێغەمبەر، چونکە ئەوان وەك ژنانی تر نین، ئایا چۆن ئەم حوکمە بەگشتی دەکرێت بۆ هەموو ژنانی مسوڵمانان؟ ئەمانە پێگەیەکی گرنگیان هەیە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە ژنی پێغەمبەر بوون، ئەم ئایەتەش لەدوای رووداوی (ئیفك) هاتووە، کە بەهۆیەوە کۆمەڵگەی ئیسلامی تووشی هەژان بوو، بۆماوەی چل رۆژیش لە جوڵە کەوت، لەبەرئەوە مەرجی قورسی شەرعی لەسەریان دانرا، لەلایەن خوای گەورەوە ئایەت هات سەرپشکی کردن ئایا بەم مەرجانە رازی دەبن یان تەڵاق وەردەگرن، بەڵام ئەوان خواو پێغەمبەرەکەیان هەڵبژارد، لەبەرئەوە لەم کاتەدا چەند ئایەتێك هات کۆمەڵێك تەشریعاتی تایبەتی دانا کە پێویست بوو پابەندبن پێوەی، لەوانەش مانەوە لەماڵدا و پاراستنی شەرەفی پێغەمبەر.

---

(130) بۆ جائیز بوونی رێگەپێدانی بگەڕێوە بۆ : حاشية ابن عابدين ( 475/2) والدسوقي مع الشرح الكبير ( 405/2) ومغني المحتاج ( 285/3) وكشاف القناع ( 254/5) وأحكام القرآن لابن العربي (1505/3)

(131) سورة الأحزاب / الآية33

(132) سورة الأحزاب / الآية 32

ب- مەبەست لە (**وَقَرْنَ**) مانای دەرنەچوون ناگەیەنێت، بەڵگەش بۆ ئەمە رۆیشتنی هەندێك لە خێزانەکانی پێغەمبەرە بۆ حەج و عەمرەو جیهاد و سەردانی خزم و کەسوکار.

سێیەم/ بەهێزترین بەڵگەیان ئەو فەرموودە بەناوبانگەیە کە دەفەرموێت (**لن یفلح قوم ....**) دەکرێت ئەم فەرموودەیە بەمشێوەیە گفتوگۆی لەسەر بکەین:

1- ئەو فەرموودەیەی کە باس دەکرێت، لە روداوێکی تایبەتیدا وتراوە ئەویش ئەوەیە کە کچی کیسرا ئیمپراتۆڕی فارس دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، فەرموودەکەی پێغەمبەر (د.خ) راست دەرچوو چونکە لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا بەختەوەر نەبوون، بەڵکو ئیمپراتۆریەتەکەیان شکستی خوارد و هەرەسی هێنا.

2- ئەم فەرموودەیە باسە لە ئیمامەتی گەورەو بەرزترین هەرەمی دەسەڵاتە، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی شێوازی گێڕانەوەکان لە هەندێکیاندا نەگۆڕە، وەك هاتنی فەرموودەکە بە وشەی (**تملکهم**) ئەمە لە دوو ریوایەتدا، یەکێکیان (**لا یفلح قوم تملکهم أمرأة**)[133] دووەمیان (**لن یفلح قوم تملکهم امرأة**)[134] ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەلە دوو ریوایەتی تردا (**لا یفلح قوم**

---

(133) رواه أحمد ( 5/ 43 ) ومسند الشهاب ( 51/2 )

(134) رواه أحمد ( 5/ 51 )

**أسندوا أمرهم إلى امرأة)**[135] وە دەستەواژەی **(لن يفلح قوم أسندوا أمرهم إلى امرأة)**[136]

3- سیاقی فەرموودەکە (زانایانی توێژەر لەم بارەوە دەڵێن دەکرێت ئەم گشتیە بەتایبەتی بکرێت) شتێکی رونە کە ئەم فەرموودەیە لە ئیمامەتی گەورەدا وتراوە. ئەویش بەهۆی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی فارس لەلایەن بەروانی کچی شیرەوەیهی کوڕی کیسرابوو، ئاشکراشە کە پێغەمبەر بەهۆی هەڵوێستێکی توڕە لە ئاستیاندا ئەمەی وتووە و پاشان نزاشی لێکردن، چونکە لەکاتێکدا کە پێغەمبەر نامەیەکی بۆ کیسرا ناردبوو، بەڵام دڕاندبووی لە فەرموودەیەکی سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەر نزای ئەوەی لێکردوون وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿**يمزّقوا كل ممزق**﴾[137] پاشان فەرمووی (ئەگەر ئەم کیسرایە لەناوبچێت کیسرای تر دروست نابێتەوە)[138] لەبەرئەوە ئەم فەرموودەیە تایبەتە بە کیسراو ئیمامەتی گشتی.

4- دەستەواژەی (**أمرهم**) باسە لە گشتی، یان تەواو، وە ئەمەش جێبەجێ نابێت تەنها لە ولایەتی گەورەدا نەبێت، ئەمە کۆکردنەوەی بەڵگەیە و ئەمە بەهێزترە لەوەی یەکیان لاببەیت.

---

(135) رواه أحمد ( 47/5)

(136) رواه أحمد ( 38/5) ومسند أبي داود الطيالسي الحديث 118

(137) صحيح البخاري ، كتاب المغازي ـ مع الفتح ـ ( 126/8) وما بعدها

(138) سەرچاوەی پێشوو

**چوارەم/ بانگەشەی (ئیجماع) تەنها لە بابەتی ئیمامەتی گەورەدا راستە، بەڵام ئەوانی تر جێگەی بیروڕای جیاوازن لە نێوان زانایانی کۆن و نوێدا.**

**پێنجەم/ قیاسی ولایەت و بەرپرسیارێتی لەسەر تەڵاق و هاوسەرگیری کارێکی نەشیاوە بۆ ئەم بابەتە ئەویش لەبەر:**

**1- لە بابەتی تەڵاقدا ئەگەر پیاو واز لە ئەم بەرپرسیارێتیە بهێنێت و بیدات بە ژنەکەی، بەڕای کۆی زانایان دروستە، بەڵام ئەوانەی رێگە دەگرن لە بەدەستەوەگرتنی رێبەرایەتی لەلایەن ئافرەتەوە نە لە سەرەتاو نە لەکاتی راسپاردنی ژنێك لەلایەن پیاوێکەوە بۆ ئەو پۆستە رێگە نادەن.**

**2- ئەو دەسەڵاتەی کە ئافرەت هەیەتی بۆ بەشودانی خۆی، یان غەیری خۆی، ئەمە جێگەی جیاوازی و مشت و مڕێکی گەورەیە، بۆ ئەم مەبەستە حەنەفیەکان رێگەیانداوە[139]، بەڵام کە دەڵێین با ئەمە بکەینە قیاس، ناگەینە ئەنجامێك هەتا هەموولا پابەندبن پێوەی.**

**شەشەم/ بەڵام مەسەلەی بەرژەوەندی (مصالح) و خراپەکاری (مفاسد) و سد الذرائع، دەتوانین چارەسەری بکەین لە رێگەی زەوابتی شەرعی و لابردنی ئەو کۆتانەی کە رێگرن، ئەگەر دەڵێن ئەوانە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن، ئەوەش رای کۆی زانایانی لەسەر نییە.**

**بەو گفتوگۆیەی کە ئەنجامماندا لەسەر ئەم بابەتە ئەوەمان بۆ روون بووەوە کە بەڵگەی ئەوانەی کە بە تەواوی رێگربوون لەبەردەم بەشداری سیاسی ئافرەتان و پێدانی بەرێوەبەرایەتی و بەرپرسیارێتی پێیان، نەیانتوانی**

---

(139) بۆ زیاتر شارەزابوون بگەڕێوە بۆ : مبدأ الرضا في العقود ( 303/1 ) ومصادره المعتمدة

بەڵگەیەکی وا بخەنەڕوو کە ببێتە هۆی قەناعەتکردن بە بەرامبەرەکان بۆ ڕاستی بۆچوونەکانیان. ئەگەر سەیری بەڵگەکانیان بکەین ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە بەڵگەکانیان هەموی بۆ ئەوەیە کە بڵێت نابێت ڕێگە بدرێت کە ئافرەت پۆستی ولایەتی گەورە بەدەستەوە بگرن.

دەکرێت گفتوگۆ لەسەر بەڵگەی ئەوانەش بکەین کە بە تەواوی ڕێگە دەدەن، دەتوانین بۆ ئەمانیش بڵێین کە نەیانتوانیوە بەڵگەی تەواو باس بکەن بۆ ڕێگەدانی تەواو، بەڵکو بەڵگەکانیان خزمەت بەوە دەکات کە پێویستە ڕێگە بدرێت کە ئافرەت بەشداری سیاسیی هەبێت، ئەگەر بەڵگەکانیشیان تەواو بێت ئەوا بەتایبەتمەندکردنی ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێت **(لن یفلح قوم...)** چونکە ئەم فەرموودەیە بۆ ڕێگرتنە لە بەشداری ئافرەتان.

**<u>هەندێك كاردانەوە لەسەر هەندێك بۆچوون:</u>**

لەسەر ڕێگرتن لە بەشداری سیاسی ئافرەتان چەند بۆچونێك وتراوە لەوانەش:

یەکەم/ ئەگەر ڕێگە بدرێت ئافرەت بەشداری سیاسی بکات، ئەمە دەبێتە هۆی تێکەڵ بوونی حەرام و ئەنجامدانی تاوان.

بۆ ئەم بۆچوونەش بەمشێوەیە وەڵام دەدرێتەوە:

1- ئەو کەسەی کە ڕێگە دەدات بەم کارە پێویستە پابەندبێت بە زەوابتی شەرعی، ئەگەر ئەمە نەبێت ئەوا نابێت بەشداری بکات.

2- هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ئەم دوو شتەدا نییە.

3- ئەم حەرام بوونە نابێت تەنها ئافرەتان بگرێتەوە، بەڵکو پیاوانیش دەگرێتەوە، کە پێویستە ئەوانیش پابەندی ئەحکامە شەرعیەکان بن بەتایبەتی لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئافرەتاندا.

دووەم/ بەشداری سیاسی پێویستی بە ئازایەتی و جەربەزەیی هەیەو ئەمەش لە ئافرەتدا نیە.

وەڵام بۆ ئەمە ئەوەیە کە بڵێین ئەم بۆچوونە راست نیە، چونکە ئەم حاڵەتە لە پیاوانیشدا هەیەو تایبەت نیە بە ئافرەت، ئەگەر سەرنجی مێژوو بدەین دەبینین چەندان ژنی ئازا هەبوون کە زۆرێك لە پیاوان نەیانتوانیوە هاوشێوەیان بن، چەندان هاوەڵ و تابعین هەبوون لە ئافرەت کە خاوەنی رای ئازایانەی خۆیان بوون لەبەردەم پێغەمبەری خوداو خەلیفەکانی راشدینیشدا، ئافرەتێك لەبەردەم عومەردا راوەستاو رێگەی گرت لە زیادکردنی مارەیی - وەك باسمان کرد - هەروەها (صفیە) رەزای خوای لێ بێت ئازاتر بوو لە (حسان) لەو رووداوەی کە باسمانکرد، هەروەها هەڵوێستی (اسماء) خاوەن دوو پشتێن لە بەرامبەر (حجاج) زۆر ئازایانەتر بوو لە هەڵوێستی پیاوەکان.

سێیەم/ ئافرەت بە سروشت وا دروست بووە کە سۆزی زاڵە بەسەر عەقڵ و دانایی دا، هەندێك لە ئایەتەکانی سورەتی ئەحزاب باس لەوە دەکەن کە ژنانی پێغەمبەر (د.خ) زۆرتر حەزیان لە جوانیەکانی دنیاو خۆشیەکان بووە هەروەك لە ئایەتی 29ی سورەتی ئەحزاب باس دەکرێت. ئایەتی 4 لە سورەتی (تحریم)یش باسی نارەزایی هەندێك لە خێزانەکانی دەکرێت بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا.

دکتۆر یوسف قەرزاوی وەڵامی ئەم گومانە دەداتەوەو دەڵێت "ئەو کەسەی ئەو پرسیارە دەکات لەبیری چووە کە لەکاتێکدا کە ئەو ژنانە سەرپشك کران، هەموویان خواو پێغەمبەر و رۆژی دواییان هەڵبژارد، ئەو دوانەش کە لە سورەت (تحریم)دا باسکران، پەشیمان بونەوەو گەڕانەوە بۆلای خودا، لەلایەکی تریشەوە دەبێت ئەوە بزانین کە تێڕوانینیان بۆ جوانی و خۆشیەکانی ژیان وەك هەموو ژنێك بەتایبەتی ژنی سەرکردەکان، بەڵگە نیە لەسەر لاوازی عەقڵیان، یان وا لێك بدرێتەوە کە ناگونجێن بۆ بیرکردنەوە لە کاروباری گشتی، بەڵکو ئەم دیدەیان دەبێت وەك سروشتێکی مرۆڤ و ئافرەت لێك بدرێتەوە، کاتێکیش کە ئایەتەکە هاتە خوارەوەو سەرپشك کران لە هەڵبژاردنی پێغەمبەر یان واز لێهێنان، هەورەکە رەویەوەو لەوەش پەشیمان بوونەوە".

لەلایەکی ترەوە ئایا پیاو بێ بەرییە لەم حاڵەتە، چونکە دەبینین پیاوانیش بەهەمانشێوە روو لە دنیا دەکەن و ئایەتێك دادەبەزێت و بەخەبەر دێنەوەو لەخەوی غەفڵەت خەبەریان دەبێتەوەو لە تاوان و سەرپێچیەکانیان دەگەڕێنەوە.

قورئان روو دەکاتە هاوەڵانی پێغەمبەر و دەفەرموێت ﴿**وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْواً انْفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِماً قُلْ مَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ مِنَ اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ وَاللَّهُ خَيْرُ الرَّازِقِينَ**﴾(140).

ئایا لەدوای شەڕی ئوحود خوای گەورە چەند ئایەتێکی نەنارده خوارەوە کە سزای چەند هاوەڵێك دەدات (باشترین نەوەکانی مرۆڤ)، ئەویش بەهۆی ئەو سەرپێچیانەی کە کردیان و شوێنەکانی خۆیان بەجێ هێشت لە پێناو

(140) سورة الجمعة / الآية 11

کۆمەڵێك دەستکەوتی دنیایی، ئایا ئەمانە هەموویان پیاو نەبوون؟ خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت ﴿**وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُمْ بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا أَرَاكُمْ مَا تُحِبُّونَ مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الْآخِرَةَ**﴾[141].

(ابن مسعود) دەڵێت: "هەتا ئەم ئایەتە دابەزی من نەمدەزانی کە کەسانێك هەن لەناو ئێمەدا بەنیازی دەستکەوتی دنیاین".

ئایا دەکرێت بەهۆی لاوازی هەڵوێستی باشترین پیاوانێك لە هاوەڵان و زاڵ بوونی حەزی دنیایی بەسەر عەقڵیاندا بڵێین پیاوان نابێت بەرپرسیارێتی گەورە وەربگرن؟

لە جەنگی بەدریشدا قورئان چەند هەڵوێستێك باس دەکات لە چەند باوەڕدارێك، لەپێش شەڕەکەو لەدوای شەرەکەش وەك دەفەرموێت ﴿**كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِنْ بَيْتِكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقاً مِنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنْظُرُونَ وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللَّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ** ......﴾[142]

لەدوای شەڕەکەش دەربارەی هەڵوێستیان لەسەر دیلەکانی جەنگ قورئان دەفەرموێت ﴿**تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ لَوْلا كِتَابٌ مِنَ اللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ**﴾[143] لەمەوە دەتوانین بڵێین لاوازی شتێکە لە سروشتی مرۆڤدا هەیە جا ئەمە پیاو بێت یان ژن جیاوازیەکیان نیەو لە دوایشدا دەبێت دەرئەنجامەکان سەیر بکەین.

---

(141) سورة آل عمران / الآية 152

(142) سورة لأنفال/ الآية 5 - 7

(143) سورة الأنفال / الآية 67 – 68

ئایا بۆچی باس لە راوێژکردن بە (أم سلمة) ناکرێت کە پێغەمبەری خوا پێی کرد، لە رۆژی حودەیبیە، کە بەهۆی ئەمەشەوە خێرو بەرژەوەندیەکی زۆر دەستکەوت؟، یان بۆچی باسی ئەو ئافرەتە ناکەن کە قورئان بە ئافرەتێك ناوی دەبات کە گەلەکەی بە دانایی و ژیری بەڕێوەچوون و سیاسەتێکی حەکیمانەی هەبووەو لە کاتێکی پڕ قەیراناویدا رابەرابەتی کردوون و بەرەو کەناری رزگاری بردوون لە دنیاو دوارۆژدا؟ کە ئەویش شاژنی (سبأ) بووە[144].

لەبەرئەوە هەموو ژنێك باش نیە بۆ بەدەستەوەگرتنی بەرپرسیارێتی، هەروەك هەموو پیاوێکیش باش نیە، بەڵکو بۆ سەرکردایەتی و رێبەرایەتی مەرج و سیفاتی خۆی هەیە، بەڵام بۆ ئافرەت ئەگەر بیەوێت ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ چەند مەرجێکی تریشی بۆ زیاد دەبێت.

دکتۆر یوسف قەرزاوی دەڵێت "هەموو ئافرەتێك شیاو نیە بۆ نوێنەرایەتی، چونکە ئافرەت سەرقاڵە بە دایکایەتی و کاروباری ماڵ، لەبەرئەوە باشتر وایە خۆی نەخاتە شەڕی خۆ پاڵاوتن و بەدەستەوەگرتنی ئەم بەرپرسیارێتیە ئەگەر واشی کرد، پێویستە لەسەر ژنان و پیاوان رێگەی نەدەن و بڵێن: نا، منداڵەکانت یەکەم ئەرکی سەرشانی تۆن، بەڵام ئەگەر ژنێك خوا منداڵی پێ نەدابوو هێزو توانا و زیرەکی هەبوو یان ژنێك گەیشتبووە 50 ساڵ یان نزیك بوو لێی، هچ رێگرێکی لەوانە لە رێگادا نەبوو، کچ و کوڕەکانی شویان کردبوو و ژنیان هێنابوو. خۆیشی گەیشتبووە تەمەنی ئەزموون و پێگەیشتن، وە ئەوەندەی کات هەبوو کە هۆی تەرخان بکات بۆ ئەو کارە، لەم کاتەدا هیچ رێگرێك نیە کە خۆی بپاڵێوێت بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران،

---

(144) إسلام أون لاين في 2005/11/17

ئەگەر مەرجەكانی تری تیابوو، كە پێویستە لە هەر پاڵێوراوێكی تردا هەبێت، ژن بێت یان پیاو؟"[145]

لەلایەكی ترەوە لە ئێستادا ئەنجامدانی كاری سیاسی راست و سەركەوتوو ئەوەیە كە پشت بە دامەزراوە ببەستێ و رای كۆمەڵ وەربگرێ و سەرۆك (پیاو بێت یان ئافرەت) یان وەزیر نابێت تاك لایەنە بڕیار بدات، بەڵكو بە بەشداری حیزبی و پەرلەمان و راوێژكارەكان دەبێت.

ئەوەی كە من دەمەوێت پشتگیری بكەم ئەوەیە كە لە بنچینەدا دەبێت ئەم كارانە بۆ تەواوكاری بێت، ئەویش لە رێگەی دابەشكردنی رۆڵەكان لە نێوان پیاو و ئافرەتدا، بەبێ ئەوەی باس لەوە بكەین كە رۆڵی یەكێكیان گرنگی كەمتر بێت لە رۆڵی ئەوی تریان. مانەوەی كۆمەڵگەی مرۆیی پابەندە بەوەی كە ئافرەت بەرپرسیارێتی سك پڕی و منداڵ بوون و سەرپەرشتی خێزانی لە ئەستۆدایە، ئەمەش گەورەترین رۆڵە بۆ دنیاو دوارۆژ، ئەمە رۆڵی پەروەردەكردنی پیاو و دروستكردنی نەوەی نوێیە و نابێت ئەم رۆڵە لەكار بخرێت و رێزی هیچ شتێكی تری بەسەردا بدرێت و بە سوك سەیر بكرێت، لەم رێگەیەوە ئێمە دەتوانین خۆشبەختی دنیاو دوارۆژ بەدەست بهێنین، ئێمەی مسوڵمان بەهۆی دەستگرتنمان بە خێزانەوە، بوەتە هۆی ئەوەی عاقڵمەندانی رۆژئاواو رۆهەڵات خۆزگەمان پێ بخوازن. بۆ نموونە (گۆربا تشۆف) پاش ئەوەی بە درێژی باس لەوگۆڕانكاریانە دەكات كە بەسەر ئافرەتدا هاتووە لە یەكێتی سۆڤیەتی كۆن دەڵێت: "پێویستە ئافرەت بگەڕێتەوە بۆ پەیامی ژنانەی خۆی" ئەویش بۆ بەدەستهێنانی (كەشێكی

---

(145) هەمان سەرچاوەی پێشوو

خێزانی باش) له پێناو نەهێشتنی گرفتی رەوشتی منداڵ و لادان و رێگەگرتن له هەرەسهێنانی پەیوەندیه خێزانیەکان[146].

بەڵام لەگەڵ پارێزگاری کردن له ئەو رۆڵه گەورەیەی ئافرەت، مافی ئەوەشی هەیه که بەشداری سیاسی بکات و پۆستی سەرکردایەتی (بێجگه له ئیمامەتی گەوره) وەربگرێت ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدا بێت:-

1- دروستکردنی کەش و هەوایەکی لەبار له ڕووی شەرعیەوه هەتا دوربێت له دیاردەی خراپ و سەرپێچی شەرعی له مانەوه به تەنها لەگەڵ نامەحرەم و سەیرکردنی شتی تر.

2- پابەندبوونی ئافرەت که دەیەوێت رێبەرایەتی وەربگرێت به زەوابیتی شەرعی و رەوشت و بەها ئیسلامیەکان له جل و بەرگ و شتی تر..

3- نابێت بەشداری سیاسی و بەدەستەوەگرتنی بەرپرسیارێتی لەسەر حسابی خێزان و منداڵەکانی بێت، یان به دیدێکی تر دەتوانین بڵێین گەورەترین بەرپرسیارێتی له ئەستۆی ژندایه پیشەسازی نەوەکان و پەروەردەی پیاوا و پاڵەوانەکانه، لەلایەکی ترەوه رەخساندنی کەشێکی ئارام و هێمنه بۆ مێردەکەی و خۆیو خێزانەکەی، بەڵام ئەگەر بەشداری کردنی پێچەوانەبێت لەگەڵ ئەم رۆڵه گرنگەی ئەوا ئەوکاته له روانگەی منەوه نابێت بەشداری بکات.

بەم بەڵگه شەرعیانه له روانگەی منەوه ئافرەت دەتوانێت بەشداری سیاسی بکات و پۆستی سەرکردایەتی گونجاو لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی خۆی وەربگرێت، هەندێك پۆستی بواری پەروەردەو فێرکردن هەیه بۆ ئافرەتان گونجاو تره له پیاوان یان پۆستی دادگا که تایبەته به چارەسەری کێشه و

---

(146) كتاب البريسترو كماليخائيل جورباتشوف ص 132

**ناكۆكی ئەوەی كە پەیوەندی بە ئافرەتو خێزانەوە هەیە بۆ ئافرەتان گونجاو ترە.**

**سەرەڕای ئەوانەی پێشوو، ئافرەت بۆی هەیە بەشداری سیاسی هەبێت، ئەویش بەو مەرجانەی كە پێشتر باسمان كرد و بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**1- مافی دەنگدانی هەیە لە هەڵبژاردنە سیاسیەكان و هاوشێوەیان، چونكە ئەمە لە بەندی شایەتیدانەو بەڕای كۆمەڵی زانایانیش ئەمە مافێكی سروشتییە بۆ ئافرەت، بەڵكو ئەمە لە بەندی هاوكاریە لەسەر چاكە، بۆ گەیاندنی كەسێكی شیاوە بە دەسەڵات، یان پەرلەمان، یان هەر ئەنجومەنێكی تر، یان ئەمە لە بەندی راسپاردن (توكیل)ە كە جائیزە ئافرەتێك دیاری بكرێت بۆ ئەوەی وەك كەسێك بنێردرێت بۆ پەرلەمان كە بە ئەركێكی دیاریكراو هەڵبستێت وەك (حسبە) بۆ فەرمان بە چاكە و رێگرتن لە خراپەو شتی تر.**

**2- مافی خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ ئەندامی پەرلەمان بۆئەوەی ببێ بە ئەندام تیایدا، چونكە زۆرینەی كاری پەرلەمان بریتییە لە یاسادانان، (لە كۆمەڵگەی ئیسلامیدا نابێت دژ بیت بە چەسپاوەكانی شەریعەت)، ئەمەش دەچێتە بەندی (اجتهاد) كە پیاوان و ژنان بەڕای كۆی زانایان بۆیان هەیە بەشداری تێدا بكەن، بۆ نموونە عائیشە گەیشتە ئاستێك لەڕووی زانیاری بە سوننەت و فیقهـ كە پێش زۆر لە گەورە هاوەڵانی دابوەوە[147].**

**یان كارێكی تری پەرلەمان بریتییە لە چاودێریو لێپێچینەوە لە رێگەی بانگكردنەوە، ئەمەش لە بەندی (حسبە) و فەرمان بە چاكە و رێگرتن لە خراپەیە، ئەم ئەركەش هەریەك لە ژن و پیاو بە یەكسانی بەشدارن تێیدا.**

---

(147) (زەركەشی) ئەم فەرموودانەی كۆكردۆتەوە لەژێر ناوی : **الاجابة لما استدركته أم المؤمنين عائشة على الصحابة**

**3- بەشداری لە خۆپیشاندانە سیاسییەکاندا و مانگرتن و هەر ڕێگەیەکی تری مەدەنی بە هەموو هۆکارە ڕێگە پێدراوەکان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی چین و توێژە جۆربەجۆرەکان، یان بۆئەوەی دەسەڵاتدارێکی ستەمکار لاببەیت و نەهێڵێت خراپەی زیاتر بکات.**

**4- بەشداری لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشی گشتی کە تایبەتن بە ئافرەت، یان زیندانەکان، یان پشکنین و شتی تر یان لە کاروباری کارگێڕی کە دەگونجێت لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی ئافرەت بەو سێ مەرجەی پێشوو کە باسمان کرد.**

**5- بەشداریکردن لە جیهادی بەرگری بەڕای کۆی زانایان، واتە لە کاتی داگیرکران و وڵاتی مسوڵمانان لەلایەن بێ باوەڕانەوە وەك کوشتن و دەرکردن و هاوشێوەکانی، لەم کاتەدا جائیزە بەشداری جیهاد بکات بەشێوەیەك کە لەگەڵ سروشتی خۆیدا بگونجێت، (صفیە) دایکی مسوڵمانان بەشداری لە جیهاددا کردووەو لە شەڕی خەندەق دا جولەکەیەکی کوشتووە[148]. هەروەك ئافرەتان بەشداریان لە جیهاددا کردووە بە تەداوی و چارەسەری نەخۆش و ناوهێنان و شتی تر.. تەنانەت ئیمامی بوخاری بەندێکی تایبەتکردووە بە (بەندی جەنگی ئافرەتان و شەڕەکانیان) کە تیایدا چەند فەرموودەیەکی دەهێنێتەوە، لەوانەش: پێغەمبەری خوا بەشداری شەڕی بە (ام سەلیم و کۆمەڵێك لە ژنانی ئەنسار) دەکرد، لەکاتی شەڕیشدا چارەسەری بریندارەکانیان دەکردو و ئاویان دەهێنا[149] لە سەحیحەکەیدا پێنج بەندی تر باس دەکات لە جیهادی ژنان و شەڕی ئافرەتان لە دەریا، چارەسەری**

---

(148) رواه الحاكم في المستدرك ( 56/4) وقال صحيح على شرط الشيخين

(149) صحيح البخاري ـ مع الفتح ـ كتاب الجهاد ( 65/6 )

بریندارەكان لە شەڕدا، وە دورخستنەوەی بریندارەكان لەلایەن ژنانەوە لەكاتی شەڕدا[150].

ئیمامی موسلیم دەگێڕێتەوە (ام سلیم لە شەڕی حونەین دا خەنجەرێكی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، پێغەمبەری خوا لێی پرسی ئەم خەنجەرە چیە؟ لە وەڵامدا وتی بۆیە هەڵم گرتووە ئەگەر هەر موشریكێك لێم نزیك بێتەوە ورگی هەڵدەدڕم، پێغەمبەری خوا بە بیستنی ئەم وەڵامە پێكەنی)[151]. واتە مانای وایە رازیە پێی و هانیدا لەسەر كارەكەی.

بوخاری دەگێڕێتەوە كە عائیشە و ام سلیم[152] لەیەكێك لە جەنگەكاندا كە شكست روی لە مسوڵمانان كردبوو، خۆیان هەڵكردبوو، بە كۆڵەپشت جەوەنەی ئاویان دەگواستەوەو ئاویان دەهێنا بۆ بریندارەكان و دەیانكردە دەمان و پاشان دەگەڕانەوە.

6- مافی بەشداری لە پێكهێنانی یەكێتی و سەندیكا ئافرەتیەكان و هەموو دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵكو ئافرەت لە هەندێك لەم رێكخراوانەدا شایەن ترە.

ئافرەتی مسوڵمان سەرەڕای ئەوەی كە رۆڵی گەورەی بینیوە لە بوارە سروشتیەكەی خۆیدا لە پەروەردەو بەرهەمهێنانی نەوەی نوێ و پەروەردەی پیاواندا رۆڵی هەبوە لە دابینكردنی ئارامی خێزان و خۆشبەختی بۆی، لەهەمانكاتدا رۆڵێكی شارستان و زانستی گەورەی هەبووە لە بنیاتنانی قوتابخانە و زانكۆو نەخۆشخانەكاندا بە خزمەتی گەورە تیایاندا. هەروەها

(150) صحیح البخراي ـ مع الفتح ـ ( 6/62  80)

(151) صحیح مسلم ( 3/1442)

(152) صحیح البخاري ـ مع الفتح ـ كتاب الجهاد (6/66)

ڕۆڵی هەبووە لە جیهاد و ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگرتن لە خراپە و بەشداری لە هەموو ئەو کارانەی کە خزمەت بە کۆمەڵگە دەکەن[153].

مامۆستا (أبو شقه) لە ئەو توێژینەوە تایبەتیەی کە کردوویەتی لەسەر فەرموودە سەحیحەکان کە تایبەتن بە رزگارکردنی ئافرەت، بەندێکی تایبەتی داناوە بۆ بەشداری سیاسی ئافرەت لە چالاکی سیاسی لە سەردەمی دابەزینی قورئاندا، باسی لە ڕۆڵی ئافرەت کردووە لەسەر کاریگەریان لە چەسپاندن و بەهێزکردنی دڵی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر پەیامەکەی، چونکە ئەوان یەکەم کەس بوون کە بڕوایان بەم پەیامە نوێیە هێنا، ئافرەت پێش مێردو باوك و براو کەسەکانی تری کەوت، زۆر بەهێز و ئارام و خۆڕاگر بەرامبەر ستەم و چەوسانەوەی موشریکەکان وەستا، هەروەك پیاوان نیشتمانی بەجێهێشت و کۆچی کرد بۆ حەبەشە و پاشانیش بۆ شاری مەدینە، ئەرك و بەرپرسیارێتی بانگەوازی وەرگرت و خەڵك گوێی بۆ دەگرت و بەهۆی ئەوەوە خەڵك دەهاتنە ناو ئیسلام و باوەڕیان دەهێنا، هەروەك پیاوان بەیعەتیان بە خەلیفەی مسوڵمانان دەدا لەسەر گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری لە چاکەدا. وەك پیاوان بەشداری جیهادو بەرگریان لە ئیسلام دەکرد[154].

بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئاگامان لێی بێت: ئافرەتی مسوڵمان لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (د.خ) بەدەم هەر بانگەوازێکی پێغەمبەرەوە دەچوو، بۆ

---

(153) بۆ زیاتر ئاشنابوون بگەڕێوە بۆ : عبدالحليم أو شقه : تحريرالمرأة في عصر الرسالة ، دراسة جامعة لنصوص القرآن الكريم وصحيح البخاري ومسلم ، ط. دار القلم الكويت (2/171 ـ 338)

(154) سەرچاوەی پێشوو ( 2/413 ـ 429)

**جیهاد بوایە یان بۆ هەر شتێکی تر. ئەوە (ام سلمة) بوو گوێی بۆ وتارەکانی پێغەمبەر گرت لە ڕۆژی هێرشکردن بۆسەر بەنوقورەیزەو بەدەم بانگەوازەکەوە چوو و بەشداری کرد[155].**

**لە ڕووداوێکی تریشدا کاتێك گوێی لێبوو پێغەمبەری خوا وتی (أيها الناس) چونکە ئەو قژی شانەکردبوو وتی لێم دورکەوەرەوە. ئەویش وتی: بانگ لە هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو دەکات و تەنها پیاوی بانگ نەکردووە، چونکی منیش بەشێکم لە خەڵك[156].. واتە ئافرەت بەشێکە لە خەڵك و ئەوەی بەسەر خەڵکدا جێبەجێ بکرێت بەسەر ئەویشدا جێبەجێ دەکرێت.**

**هەروەها فاتیمەی کچی قەیس هەمان شتی کرد لەکاتێکدا کە گوێی لە بانگەوازی پێغەمبەری خوا بوو کە وتی (الصلاة جامعة) ئەویش بەدەم بانگەوازەکەوە چوو تا بزانێت داوای چیان لێ دەکات[157].**

**وەك لە پێشەوە باسمانکرد پێغەمبەری خوا ڕاوێژی بە (ام سلمة) کردووەو ڕاوێژەکەشی وەرگرتووە و بە باشترین ڕاوێژیشی لەقەڵەم داوە[158].**

**هەروەها لە جەنگی حونەینیشدا پێغەمبەر ڕاوێژی بە (ام سليم) کردووە[159]. وە (حەفسە) ڕاوێژی بە براکەی (عبدالله) کردووە لەو ڕۆژەدا**

---

(155) صحيح البخاري ـ مع الفتح ـ ( 441/7) وصحيح مسلم ـ مع النووي ـ (144/7)

(156) مسلم ، كتاب الفضائل ( 67/7) مع شرح النووي

(157) صحيح مسلم ـ مع النووي ـ ( 203/8)

(158) صحيح البخاري ـ مع الفتح ـ (257/6) كتاب الشروط

(159) مسلم ـ مع النووي ـ ( 196/5)

که هێرشیان کرده سەر عومەر[160]. ڕۆژی داوەری له نێوان عەلی و موعاویەدا، که داوای لێکرد پەیوەندی بکات[161].

هەروەها ڕۆڵی ئەسمای کچی ئەبوبەکر له دانانی کوڕەکەی (عبدالله)ی کوڕی زوبێر، وه هەڵوێستی ئازایانەی لەبەردەم ستەمکارێکی وەك حەجاج، وتی: پێغەمبەری خوا پێی وتین له (سەقیف) پیاوێکی درۆزن و وێرانکەر هەیە، درۆزنەکه ئەوه بینیمان بەڵام وێرانکەرەکه وای بۆ دەچم تەنها ئەم پیاوه بێت، لەکاتێکدا که حەجاج گوێی لەم قسانەبوو بۆی هەستا[162]. نەیتوانی بەرپەرچی بداتەوه سەرەڕای ئەو ستەمکاری و ترسناکیەش که هەیبوو[163].

له کۆتاییدا چیرۆکی شاژنی (سبأ) که قورئان باسی دەکات له بەندی پیاهەڵدان و پشتیوان و دانایی و فراوانی عەقڵ و راوێژو هێزو جەربەزەیی باشترین بەڵگەیە که ئافرەت نابێت ڕێگری لێ بکرێت له بەشداری سیاسی ئەگەر ئەو سێ مەرجەی تیابوو که باسمانکرد.

**خوای گەوره داناتره بەڕاستیەکان**

**وآخر دعوانا أن الحمد لله ربّ العالمين وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

---

(160) مسلم ـ مع النووي ـ

(161) مسلم ـ مع النووي ـ ( 5/6)

(162) البخاري ـ مع الفتح ـ ( 406/8 )

(163) أبو شقه : سەرچاوەی پێشوو ( 436/2)

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت | ژ |
|---|---|---|
| 3 | پێشەکی وەرگێر | 1 |
| 6 | پێشەکی | 2 |
| 8 | دەستپێك | 3 |
| 12 | جێنشینی و جێگرتنەوە: | 4 |
| 19 | کێشەیەکی گەورەو کاردانەوەیەکی نا هاوسەنگ لە فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا | 5 |
| 22 | **مافەکانی ئافرەت لە دەستوری وڵاتانی عەرەبیدا** | 6 |
| 24 | کێشەی ئافرەت و سیاسەتی داگیرکەران و هەرێمایەتی | 7 |
| 28 | فەتوا ناکۆکەکان و رۆڵی زەمەنی تیایدا | 8 |
| 33 | بەرەو مەنهەجیەتێکی ورد لە توێژینەوەی ئەم بابەتەدا | 9 |
| 42 | نێر و مێ، هاوسەرگیری و تەواوکاریە نەك دژایەتی و جیاخوازی و دورکەوتنەوە | 10 |
| 49 | ئەوەی لەم مەنهەجیەتەوە بەرهەم دێت | 11 |
| 56 | مافی ئافرەت لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی گشتی (پۆستە باڵاکان) | 12 |